خەبات

XEBAT

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

لە ماڵ پارێزراو دەبین

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5964) سێ شەممە 30ی حوزەیران 2020 «12» لاپەڕە «500» دینار

یادی ڕاگواستنی بارزانییەکان بۆ باشووری عێراق و دواتر بۆ سلێمانی

(زیاتر لە ل6 -7 بخوێنەوە)

کەمپی مەخموور بۆ مەبەستی سیاسی و سەربازی بەکار دەهێندرێت

بەرپرسی لێژنەی وەڵامدانەوەی ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان د.دیندار زێباری ڕایگەیاند کەمپی مەخموور بۆ مەبەستی سەربازی و سیاسی بەکار دەهێندرێت و بەم هۆیەشەوە ڕێککخراوە نێودەوڵەتییەکان لە کەمپەکە ناتوانن ڕۆڵی خۆیان بگێڕن. (زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

سەرۆکی هەرێمی کوردستان هیوای خواست بتوانێت خزمەتی زیاتری دهۆک بکات

لەبەردەم سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا پارێزگاری نوێی دهۆک سوێندی یاسایی خوارد



دوێنێ دووشەممە 29/6/2020 لە ڕێوڕەسمێکدا لەبەردەم بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەڕێز د. عەلی تەتەر، وەک پارێزگاری تازەی دهۆک، سوێندی یاسایی خوارد.

لە وتەیەکدا سەرۆک نێچیرڤان بارزانی، پیرۆزبایی دەستبەکاربوونی لە بەڕێز پارێزگاری تازەی دهۆک کرد و هیوای سەرکەوتنی لە ئەرک و کاری تازەیدا بۆ خواست، هەروەها ئاماژەی بە ڕابردووی کار و خزمەتی سەرکەوتووانەی بەڕێزیان کرد، بەو هیوای بتوانێت خزمەتی زیاتری پارێزگای دهۆک بکات.


(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

پارتی و یەکێتی بەمزووانە کۆدەبنەوە

عەلی حوسێن بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییە نیشتمانییە کوردستانی و عێراقییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، رایگەیاندووە دۆخی کوردستان و عێراق، قەیرانی ئابووری و ئەم دۆخە تەندروستییەی بەهۆی کۆرۆناوە دروستبووە، پێویستیی کۆبوونەوەی نێوان پارتی و یەکێتی زیاتر لە جاران زیاتر کردووە و بەمنزیکانە هەردوولا کۆدەبنەوە.

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

شیرین مەعسووم: دەبێت لێپرسینەوە لەگەڵ ئەو کەسانەدا بکرێت کە داوای هەڵوەشاندنەوەی قەوارەی هەرێمی کوردستان دەکەن



شیرین فوئاد مەعسووم، کچی سەرۆککۆماری پێشووی عێراق، کە پسپۆڕی سیاسەتی نێودەوڵەتییە لەبارەی داواکاریی هەندێک کەس و لایەن بۆ هەڵوەشاندنەوەی قەوارەی هەرێمی کوردستان و گەڕانەوە بۆ بەغدا ڕایدەگەیەنێت: ئەم مەسەلەیە نابێت وا بە ئاسانی تێپەڕێت، ئەمە بابەتێکە پەیوەستە بە ئاسایشی نیشتمانی و هەر کەسێک ئەو قسەیەی کردووە دەبێت لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکرێت. (زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

پارتی و گۆڕان کۆبوونەوە و پشتیوانی لە پرۆسەی چاکسازی دەکەن

مەحموود محەمەد: هەوڵی جدی بۆ ڕێکخستنەوەی ریزی ناوخۆییمان دەدەین



دوێنێ دووشەممە پارتی دیموکراتی کوردستان و شاندی بزووتنەوەی گۆڕان بۆ تاوتوێکردنی چەند پرسێکی گرنگی پەیوەست بە هەرێمی کوردستان کۆبوونەوە، دوابەدوای کۆبوونەوەکەی پارتی دیموکراتی کوردستان و شاندی بالای بزووتنەوەی گۆڕان، مەحموود محەمەد گوتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان و دەرباز محەمەد ئەندامی شاندی بالای بزووتنەوەی گۆڕان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکەیان بۆ دەزگەکانی ڕاگەیاندنی کوردستان خستەڕوو، لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەدا جەختیانکردەوە لەسەر ئەوەی هەموو لایەنە سیاسییەکان پشتیوانی لە مانەوە و بەهێزترکردنی کیانی سیاسیی هەرێمی کوردستان دەکەن، هەروەها ئاماژەیان بەوەش کرد پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان پشتیوانی لە پرۆسەی چاکسازی دەکەن.

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

بەهۆی بوونی پەکەکە لە ناوچە سنوورییەکان

دۆخی ژیانی گوندنشینان ئاڵۆز بووە



سوپای تورکیا لە 15ی حوزەیرانەوە ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی لە دژی چەکدارانی پەکەکە دەستپێکردووە، وەکو حکوومەتی تورکیا دەڵێت ئۆپەراسیۆنەکە لە وەڵامی زیادبوونی هێرشە چەکدارییەکانی پەکەکە بووە بۆ سەر بنکەکانی سوپای تورکیا لە ناوچە سنوورییەکان. (زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

خانمە شەترەنجزانێکی نابیستی چیللی لە دیمانەیەکی «خەبات»دا

(زیاتر لە ل10 بخوێنەوە)

عێراق پێداچوونەوە بە گرێبەستە نەوتییەکانی لەگەڵ بەشێک لە کۆمپانیاکانی نەوتدا دەکات

وەزارەتی نەوتی عێراق پێداچوونەوە بە گرێبەستە نەوتییەکانیان لەگەڵ بەشێک لە کۆمپانیاکانی نەوتدا دەکات، کە کاری بەرهەمهێنانی نەوت لە کێڵگە نەوتییەکانی عێراق دەکەن. (زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)



ژمارەیەک کۆمپانیای ناوخۆ ئامادەیی خۆیان دەربڕیووە 500 هەزار تەن گەنم بکڕنەوە

(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)

پەرلەمان کۆبۆوە و پێشنیازە یاسا و پێشنیازە بڕیاری پەسەند کرد

دوێنێ دووشەمە بە سەرۆکایەتیی د. ڕێواز فایەق سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و بەئامادەبوونی هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمان و مونا قەهوەچی سکرتێری پەرلەمان دانیشتنی ژمارە 5ی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی دووەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان بەڕێوەچوو. (زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

پارتی و گۆڕان کۆبوونەوە و پشتیوانی لە پرۆسەی چاکسازی دەکەن

مەحموود محەمەد: هەوڵی جدی بۆ ڕێکخستنەوەی ریزی ناوخۆییمان دەدەین

دەرباز محەمەد: هەوڵی ئەنجامدانی کۆبوونەوەی سێ قۆڵی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لە ئارادایە



دوێنێ دووشەمە پارتی دیموکراتی کوردستان و شاندی بزووتنەوەی گۆڕان بۆ تاوتوێکردنی چەند پرسێکی گرنگی پەیوەست بە هەرێمی کوردستان کۆبوونەوە، دوابەدوای کۆبوونەوەکەی پارتی دیموکراتی کوردستان و شاندی باڵای بزووتنەوەی گۆڕان، مەحموود محەمەد گوتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان و دەرباز محەمەد ئەندامی شاندی باڵای بزووتنەوەی گۆڕان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکەیان بۆ دەزگەکانی ڕاگەیاندنی کوردستان خستەڕوو، لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەدا جەختیانکردەوە لەسەر ئەوەی هەموو لایەنە سیاسییەکان پشتیوانی لە مانەوە و بەهێزترکردنی کیانی سیاسیی هەرێمی کوردستان دەکەن، هەروەها ئاماژەیان بەوەش کرد پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان پشتیوانی لە پرۆسەی چاکسازی دەکەن.

لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەدا دەرباز محەمەد، ئەندامی شاندی باڵای بزووتنەوەی گۆڕان لە بەشێکی قسەکانیدا ڕاگەیاند کە چاکسازی دەبێت بکرێت و هەنگاوەکان بە خاوخلیچکی دەڕۆنە پێش، هەروەها جەخیشتی کردەوە کە بزووتنەوەی گۆڕان پشتیوانی چاکسازی دەکات، لەمبارەیەوە ڕایگەیاند: ئێمە پشتیوانی لە حکوومەت دەکەین بۆ ئەوەی یاسای چاکسازی جێبەجێ بکات. لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر ئەو پرسانە گفتوگۆزمان کرد.

دەرباز محەمەد لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەدا بۆ دەزگەکانی میدیایی کوردستان ڕاشیگەیاند: بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان بەهێز بێت، تاکە چارەسەر ئەوەیە هەڵوێستی ناوخۆیی یەکبخرێت بۆ ئەوەی بتوانرێت کێشەکان چارەسەر بکرێن. سەبارەت بە پاساوهێنانەوەی هەندێ لایەنی سیاسیش، گوتی پاساو هێنانەوە ڕەنگە لە ڕابردوودا ڕۆڵی هەبێت، بەڵام ئێستا پێویستمان بەوەیە پشتیوانی حکوومەتەکەمان بکەین و ئەگەر پشتیوانی حکوومەت نەبین، حکوومەت ناتوانێت ئەرکی خۆی ڕاپەڕێنێت.

سەبارەت بە ناکۆکی نێوان لایەنە سیاسییەکانیش ئەو سەرکردەیەی گۆڕان گوتی: پێنج لایەنە سەرەکییەکە کەسیان دژی حکوومەت نین و پێویستە ئەو دابڕانەی لەنێوان یەکێتی و پارتی لە ناو حکوومەت دروست بووە، چاکبکرێتەوە، لەبارەی ئەنجامدانی کۆبوونەوەی دووقۆڵی و سێقۆڵی، دەرباز محەمەد گوتی: هەوڵی ئەوە لە ئارادایە کۆبوونەوەی دوو قۆڵی و سێقۆڵی بکرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان.

هاوکات لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەدا مەحمود محەمەد گوتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان جەختی کردەوە کە ڕەوشەکە پێویستی بە ڕێکخستنەوەی ریزی ناوخۆیی هەیە و وەک پارتیش پێمان خۆشە ئەو پرسانە چارەسەر بکرێن.

ئەوان هەوڵی جدی بۆ ئەو پرسە دەدەن، لەمارەیەوە ڕایگەیاند: ڕەوشەکە ڕەنگە پێویستی بە ڕێکخستنەوەی ریزی ناوخۆیی خۆمان هەبێت. ئێمەش هەوڵێکی جدی بۆ ئەو پرسە دەدەین.

مەحمود محەمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی و گوتەبێژی پاتی دیموکراتی کوردستان ڕاشیگەیاند: یاسای چاکسازی لە وادەی خۆیدا دەبێت بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە و با یاساکە جێبەجێ بکرێت، ئەو کاتە دەردەکەوێت کێ پشتیوان و کێ دژی چاکسازییە، دەربارەی هەڵوێستی پارتی و گۆڕانیش لەبارەی یاسای چاکسازی گوتەبێژی پارتی گوتی: ئێستا ئێمە و بزووتنەوەی گۆڕان دووپاتمان کردووەتەوە کە پشتیوانی ئەو پرۆسەیە دەکەین. هەروەها گوتەبێژی پارتی گوتیشی بێگومان خەڵکانێک هەن هاوڕا نین لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان و دژی داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان بوونە، بەڵام جورئەتی ئەوەیان نەبووە داوای هەڵوەشاندنەوەی قەوارەی هەرێمی کوردستان بکەن.

بەمزووانە پارتی و یەکێتی کۆدەبنەوە

لەگەڵ یەکێتی پێکەوە لە حکوومەتین و بەرپرسیارین لە ژیانی خەڵک

عەلی حوسێن:



عەلی حوسێن بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییە نیشتمانییە کوردستانی و عێراقییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕایگەیاندووە دۆخی کوردستان و عێراق، قەیرانی ئابووری و ئەم دۆخە تەندروستییەی بەهۆی کۆرۆناوە دروستبووە، پێویستیی کۆبوونەوەی نێوان پارتی و یەکێتی زیاتر لە جاران زیاتر کردووە و بەمنزیکانە هەردوولا کۆدەبنەوە. عەلی حوسێن بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بڕیارە گوتی: بەدڵنیاییەوە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دوای کۆنگرەی خۆیان بۆ چۆنێتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ پارتی و لایەنەکانی دیکە پێویستیان بە ئامادەکاری و زەمینەسازییەک هەبووە، پارتیش بەهەمانشێوە پێویستیی بەو زەمینەسازییە هەبوو، دواجار بەهۆی ئەوەی لە حکوومەت پێکەوەین و کۆمەڵێک خاڵی هاوبەشمان هەیە دەبێت کۆببینەوە.

عەلی حوسێن ئاماژەی بە دۆخی ئێستای عێراق و هەرێمی کوردستان، کۆرۆنا و قەیرانی ئابووری کرد و گوتی: هەموو ئەوانە دەخوازێت وەک پارتی و یەکێتی و گۆڕان کە سێ هێزی پێکهێنەری حکوومەتن، بەرپرسیاریێتییەکەی هەڵبگرن. دەشڵێ: لەگەڵ یەکێتی پێکەوە لە حکوومەتین و بەرپرسیارین لە ژیانی خەڵک، بۆ ئەوەش پێویستمان بە ڕاوێژی یەکدی هەیە، دۆخەکەش وادەخوازێت کۆبوونەوە و یەکدی بینینمان زیاتر بێت و ڕاوێژەکانمان دوانەکەوێت.

بەهۆی بوونی پەکەکە لە ناوچە سنووریییەکان دۆخی ژیانی گوندنشینان ئاڵۆز بووە

پەرلەمانتارێکی پارتی: بارودۆخی ناوچە سنووریییەکان لە ڕەوشێکی خراپدایە



سوپای تورکیا لە 15ی حوزەیرانەوە ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی لە دژی چەکدارانی پەکەکە دەستپێکردووە، وەکو حکوومەتی تورکیا دەڵێت ئۆپەراسیۆنەکە لە وەڵامی زیادبوونی هێرشە چەکدارییەکانی پەکەکە بووە بۆ سەر بنکەکانی سوپای تورکیا لە ناوچە سنووریییەکان.

شەڕی پەکەکە و تورکیا دەیان ساڵە لە ناوچە سنووریییەکان بەردەوامە و ئەمەش وایکردووە سەدان گوندی هەرێمی کوردستان چۆڵ بکرێن و خەڵکەکەشی کە کاسبکارن، زیانی زۆریان پێبگات و گوندنشینانی ئەو ناوچانەش دەبنە قوربانی و ناچارن گوندەکانیان چۆڵ بکەن، ئەمەش نیگەرانی زۆری لێکەوتووەتەوە. لەمبارەیەوە موحسین دۆسکی، پەرلەمانتاری پارتی لە پەرلەمانی کوردستان بۆ کوردستان 24گوتوویەتی: بارودۆخی ناوچە سنووریییەکانی هەرێمی کوردستان بەهۆی بوونی پەکەکە لە ڕەوشێکی خراپدایە. هاوکات هیمداد سەباح، سەرۆکی فراکسیۆنی بەرەی تورکمانیش داوا دەکات، پەکەکە ڕێز لە سەروەری خاکی هەرێم بگرێت و ئارامی بۆ ناوچەکە سنووریییەکان بگەڕێتەوە.

ئەمە لە کاتێکدایە، لە هێرشەکانی ئەمجارەی سوپای تورکیا بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی پەکەکە لە خاکی هەرێمی کوردستان کە تاکو ئێستاش بەردەوامە، جگە لە زیانی گیانی و مادیی بۆ هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان، چەند گوند و شوێنێک کەوتونەتە ژێر دەسەڵاتی سوپای تورکیا. ڕۆژی هەینی 6-19-2020ش بەهۆی بۆردوومانی فڕۆکەکانی تورکیا لە سنووری شیلادزێ و کانی ماسێ پێنج هاونیشتمانی گیانیانلەدەستدا ,ڕۆژی پێنجشەممە 2020-6-26 بەهۆی هێرشێکی ئاسمانییەوە بۆسەر سەیرانگەی کونەماسی لە شارباژێڕی سلێمانی چەکدارێکی پەکەکە کوژرا و شەش هاونیشتمانیش برینداربوون و زیانێکی زۆریش بەر ناوچەکە کەوت.

پەرلەمان کۆبۆوە و پێشنیازە یاسا و پێشنیازە بڕیاری پەسەند کرد



دوێنێ دووشەمە 2020/6/29 بە سەرۆکایەتیی د. ڕێواز فایەق سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و بەئامادەبوونی هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمان و مونا قەهوەچی سکرتێری پەرلەمان دانیشتنی ژمارە 5ی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی دووەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان بەڕێوەچوو.

لەلایەن مونا قەهوەچی سکرتێری پەرلەمان بەرنامەی کاری دانیشتنەکە خوێندرایەوە کە لەدوو خاڵ پێکهاتبوو خاڵی یەکەم بڕیتی بوو لەدەنگدان لەسەر پێشنیازەیاسا و پێشنیازەبڕیار لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان، هەروەها خاڵی دووەم و کۆتایی بەرنامەی کاریش بڕیتی بوو لەدرێژکردنەوەی خولی بەهارەی ساڵی دووەم لە خولی هەڵبژاردنی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان.

بەر لەدەستکردن بە بەرنامەی کاری دانیشتنەکە، لەلایەن ژمارەیەک لە ئەندامانی پەرلەمانەوە بەپێی خاڵی پەیڕەوی چەندین پرسیار سەبارەت بەپرسەکانی دۆخی دارایی و مووچە و قەرزەکان و پرسی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و پێشکەشکردنی پێشنیازەیاسا و پێشنیازەبڕیار لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە، دوای جێبەجێکردنی پرۆسەی چاکسازی و خاڵە سنووریییەکان و گومرگەکان و ڕەوشی تەندروستی و لەشکرکێشییەکان و تۆپبارانکردنی سنووریەکانی هەرێمی کوردستان و دانوستاندنەکانی حکوومەتی هەرێم لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی ئاراستەی دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان کرا.

دواتر لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لەلایەن لیژنەی کاروباری یاساییەوە لیژنەکە سەبارەت بەپێشنیازەبڕیاری پێشکەشکردنی پێشنیازەیاسا و پێشنیازەبڕیار لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە، دوای خوێندنەوەی ناوونیشان و بڕگەکانی و هۆکارەکانی دەرچووانی پێشنیازەبڕیارەکە بەو پێشنیازانەی کە هەبوون لەسەر هەندێ لە بڕگەکانی بەجیا خرانە دەنگدانەوەو پەسند کران.

سەبارەت بەخاڵی دووەمی بەرنامەی کاری دانیشتنەکەش کە بڕیتی بوو لە درێژکردنەوەی خولی بەهارەی پەرلەمان، دوای ئەوەی خرایە دەنگدانەوە و بە دەنگی 70پەرلەمانتار پەسەندکرا و خولی بەهارە بۆ ماوەی یەک مانگ لە 7/1وە تا 8/1درێژ کرایەوە.

تا ئێستا هەزار و 839 کەس لە عێراق بە کۆرۆنا گیانیانلەدەستداوە

وەزارەتی تەندروستی و ژینگەی عێراق ڕایگەیاند هەزار و 749کەسی دیکە تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ (COVID-19)بوون و 83کەسی دیکەیش بەهۆی ڤایرۆسەکەوە گیانیانلەدەستداوە. دوێنێ وەزارەتی تەندروستی و ژینگەی عێراق لە ڕاگەیەندراوێکدا دوایین ئاماری سەبارەت بە قوربانییانی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەو وڵاتە بڵاوکردەوە. بەپێی ڕاگەیەندراوەکە 83 کەسی دیکە بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا گیانیانلەدەستداوە و هەزار و 749کەسی دیکەیش تووشی ڤایرۆسەکە بوون. ئاماژە بەوەیش دراوە کە هەزار و 852تووشبووی دیکەی ڤایرۆسی کۆرۆنا چاکبوونەتەوە. باس لەوەیش کراوە کە کۆی گشتی تووشبووان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە عێراق گەیشتووەتە، 47هەزار و 151کەس و لەو ژمارەیەیش هەزار و 839کەس گیانیانلەدەستداوە و 22هەزار و 974ی دیکەیش چاکبوونەتەوە.







لە سەرەتای ئەمسالّەوە 13ئۆپەراسیۆن لە دژی داعش ئەنجامدراون

تەحسین خەفاجی: داعش هەوڵدەدات رەوشی ئێستای عێراق بۆ کردەی تیرۆریستی بقۆزێتەوە

گوتەبێژی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق، لیوا تەحسین خەفاجی رایگەیاند کە لەسەرەتای ئەمسالّەوە تا ئێستا، سێزدە ئۆپەراسیۆنیان بە ئامانجی راوەدوونان و ریشەکێشکردنی تیرۆریستانی داعش لە ژمارەیەک ناوچەی عێراق ئەنجامداوە. لیوا تەحسین خەفاجی لە لێدوانێکی رۆژنامەوانییدا ئاشکرای کرد کە سەرجەم ئۆپەراسیۆنەکان، پشتبەستن بە زانیاریەکانی هەواڵگریی ئەنجامدراون و راشیگەیاند کە تیرۆریستان بەردەوام هەوڵدەدەن رەوشی عێراق بۆ ئەنجامدانی کردەی تیرۆریستی بقۆزنەوە.

گوتەبێژی: راستە تیرۆریستانی داعشمان لە سەرجەم ناوچەکانی عێراق وەدەرناوە، بەڵام هێشتا شانە نووستووەکانی رێکخراوە تیرۆریستییەکە لە ژمارەیەک ناوچە خۆیان حەشاردراوە، بۆیە ئۆپەراسیۆنی هێزە ئەمنییەکان بۆ کۆتاییهێنان بە بوونی رێکخراوی تیرۆریستیی داعش لە سەرجەم ناوچەکانی عێراق بەردەوام دەبێت.

گوتەبێژی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق، لیوا تەحسین خەفاجی باسی لەوەیش کرد لەمیانەی ئەو ئۆپەراسیۆنانەی کە تا ئێستا بۆسەر تیرۆریستانی داعش لە ناوچەکانی عێراق ئەنجامدراون، دەستکەوتی گەورە بەدیهاتوون. راشیگەیاند کە لەسەرەتای ئەمسالّەوە، عێراق لەسەر ئاستی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و تەندروستی بە رەوشێکی نائاسایی تێپەڕدەبێت کە ئەویش کاریگەری لەسەر رەوشی ئەمنیی دروستکردووە، چونکە تیرۆریستانی داعش هەوڵدەدەن رەوشی ئێستای عێراق بۆ ئەنجامدانی کردەی تیرۆریستی بقۆزنەوە. هەر لەبەر ئەوەیە ئۆپەراسیۆنەکان بەردەوام دەبێت. لیوا تەحسین خەفاجی گوتیشی: لەسەرەتای ئەمسالّەوە تا ئێستا، سێزدە ئۆپەراسیۆنامان بە ئامانجی راوەدوونان و ریشەکێشکردنی تیرۆریستانی داعش لە ژمارەیەک ناوچەی عێراق ئەنجامداوە، ئەویش پشتبەستن بە زانیارییەکانی هەواڵگری و هاوکاری نێوان هاوڵاتیان و هێزە ئەمنییەکان.

لەبەردەم سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا پارێزگاری نوێی دهۆک سوێندی یاسایی خوارد

سەرۆکی هەرێمی کوردستان هیوای خواست بتوانێت خزمەتی زیاتری دهۆک بکات

دوێنێ دووشەممە 29/6/2020 لە ڕێوڕەسمێکدا لەبەردەم بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەڕێز د. عەلی تەتەر، وەک پارێزگاری تازەی دهۆک، سوێندی یاسایی خوارد.

لە وتەیەکدا سەرۆک نێچیرڤان بارزانی، پیرۆزبایی دەستبەکاربوونی لە بەڕێز پارێزگاری تازەی دهۆک کرد و هیوای سەرکەوتنی لە ئەرک و کاری تازەیدا بۆ خواست، هەروەها ئاماژەی بە ڕابردووی کار و خزمەتی سەرکەوتووانەی بەڕێزیان کرد، بەو هیوای بتوانێت خزمەتی زیاتری پارێزگای دهۆک بکات.

سەرۆک نێچیرڤان بارزانی، هەروەها سوپاس و پێزانینی پێشکەش بە بەڕێز فەرهاد ئەتروشی، پارێزگاری پێشووی دهۆک کرد کە لە کاتێکی هەستیار و سەردەمی قەیرانەکاندا دەستبەکار بووە و لەگەڵ ئەوەشدا خزمەتێکی بەرچاوی بە پارێزگای دهۆک کردووە و هیوای سەرکەوتنی لە هەر ئەرک و کارێکی تازەدا بۆ خواست.

لە ڕێوڕەسمەکەدا کە بەڕێز ڕێبەر ئەحمەد وەزیری ناوخۆ ئاماده‌ی بوو، بەڕێز پارێزگاری تازەی دهۆک دووپاتی کردەوە کە بە هەموو توانایەک خزمەت بە پارێزگای دهۆک دەکات و هەموو هەوڵێک دەدات کار و ئەرکەکانی بە باشترین شێوە جێبەجێ بکات.

د. دیندار زێباری: کەمپی مەخموور بۆ مەبەستی سیاسی و سەربازی بەکار دەهێندرێت

بەرپرسی لێژنەی وەلّامدانەوەی ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند کەمپی مەخموور بۆ مەبەستی سەربازی و سیاسی بەکار دەهێندرێت و بەم هۆیەشەوە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لە کەمپەکە ناتوانن ڕۆڵی خۆیان بگێڕن. ئاماژە بەوەش دەکات ئەم هەنگاوانە مەترسی لەسەر کەمپەکان دروست دەکەن، چونکە ئەمانە بۆ مەبەستی مرۆیی کراونەتەوە نەک سیاسی و سەربازی.

د. دیندار زێباری بەرپرسی لێژنەی وەلّامدانەوەی ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە مالّپەڕی فەرمیی پارتی ڕاگەیاندووە: کەمپی مەخموور زیاتر لە 11 هەزار دانیشتووی هەیە، لە ساڵی 2003بەدواوە ئەم کەمپە زیاتر چاوی نێودەوڵەتی لەسەرە، چونکە وەک کەمپێکی نیمچەسەربازی بۆ ڕاهێنانی سەربازی و هاتوچۆی ڕێکخستنی حزبێک پەردیسەندووە و زیاتر لە سیمایەکی مەدەنی، سیمایەکی سەربازیی بە خۆیەوە بینیوە.

دیندار زێباری گوتیشی: حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2005وە هەوڵی داوە سیمایەکی شارستانی بە کەمپەکە بدات، بەتایبەتیش لەو ساڵانەی کە لە مەخموور هەبوونێکی ڕاستەقینەی هەبووە. گوتیشی: بەداخەوە حزبێک لەناو کەمپی مەخموور بە کاری نیمچەسەربازی و هەواڵگری، ژیانی ئاسایی لە خەڵکی سڤیلی کەمپەکە تێک داوە، تا ئێستاش بەردەوامە و ئێمە زۆر هەوڵمان داوە ئەم کەمپە پارێزراو بێت و هەوڵمان داوە لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، هاوکاریی کەمپەکە بکەین و نەهێڵدرێت چەک و تەقەمەنیی تێدا بێت، چونکە ئەم هەنگاوە مەترسی لەسەر ژیانی مەدەنیی کەمپەکان دروست دەکات و ناکرێت چالاکی سەربازی بهێنرێتە ناو ئەم کەمپانەوە، ئەمە دواجار گرفت بۆ هەرێمی کوردستانیش دروست دەکات.



گەلی کورد لە ریفراندۆمدا دەنگی بە سەربەخۆیی دا

شیرین فوئاد مەعسووم: دەبێت لێپرسینەوە لەگەڵ ئەو کەسانەدا بکرێت کە داوای هەڵوەشاندنەوەی قەوارەی هەرێمی کوردستان دەکەن

ئەوانەی داوای هەڵوەشاندنەوەی قەوارەی هەرێم دەکەن قوربانییان نەداوە و خوێنیان نەڕشتووە

شیرین فوئاد مەعسووم، کچی سەرۆککۆماری پێشووی عێراق، کە پسپۆڕی سیاسەتی نێودەوڵەتییە لەبارەی داواکاریی هەندێک کەس و لایەن بۆ هەڵوەشاندنەوەی قەوارەی هەرێمی کوردستان و گەڕانەوە بۆ بەغدا ڕایدەگەیەنێت: ئەم مەسەلەیە نابێت وا بە ئاسانی تێپەڕێت، ئەمە بابەتێکە پەیوەستە بە ئاسایشی نیشتمانی و هەر کەسێک ئەو قسەیەی کردووە دەبێت لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکرێت.



شیرین فوئاد مەعسووم، پسپۆڕ لە سیاسەتی نێودەوڵەتی و کچی فوئاد مەعسووم، سەرۆککۆماری پێشووی عێراق لە لێدوانێکدا بە کوردستان24ی ڕاگەیاندووە: بابەتی موچەو و هەڵوەشاندنەوەی قەوارەی هەرێمی کوردستان تێکەڵکراوە، خەڵک مافی خۆیانە داوای ژیان و موچەو بکەن و گلەیی لە حکوومەت بکەن و داوای چاکسازی بکەن، لەلایەکی دیکەشەوە بابەتەکە تێکەڵکراوە لەگەڵ مەسەلەی ئازادی و ژێردەستەیی میللەتەکەمان کە 100ساڵ زیاترە خەبات دەکات، بۆ دەبێت بە دوو قسە هەمووی لەدەست بدەین!

شیرین فوئاد مەعسووم دەشڵێ: دەبێت لێکۆڵینەوەیەک بکرێت و بزانن بۆچی ئەو بابەتە باسکراوە و داوای دەکەن، چونکە ئەو بابەتە وا ئاسان نییە و پەیوەندیی بە ئاسایشی میللەتەوە هەیە، دەبێت بزانن کێ لەدوایەتی، کێ دەیەوێت هەرێمی کوردستان هەڵبوەشێنێتەوە؟ لایەنی ئەمنی پێویستە لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکات و لێکۆڵینەوە بکرێت، کە بۆچی دەتانەوێت ئازادی میللەتەکە ئاوا بچوێنن.

ئەو پسپۆڕەی سیاسەتی نێودەوڵەتی دەشڵێ: ئەو کەسانەی ئەو داواکارییەیان هەیە، قوربانیان بۆ ئەو گەلە نەداوە، خوێنیان نەڕژاوە، لەنێو خێزانەکەیاندا شەهیدیان نییە، نازانن دڵی ئەو دایکە چی تێدایە کە کوڕەکەی (لەپێناو کوردستان) شەهید بووە.

شیرین فوئاد مەعسووم دەشڵێ ئەم بابەتە مەسەلەی ئاسایشی نیشتمانییە و پەیوەندیی بە سیاسەتەوە نییە، پەیوەندیی بە هەڵبژاردن و شکاندنی حزبێکەوە نییە، چونکە ئەو بابەتە زۆر گەورەترە، ئایا دەیانەوێت بیانوویەک بدەنە عێراق بۆ ئەوەی سوپاکەی بێتە هەرێمی کوردستان و بڵێ ئێمە لەسەر داواکاریی میللەت هاتووین! نەخێر، ئەوە داواکاریی میللەت نییە، چونکە ئەو میللەتە دوو ساڵ پێش ئێستا لە ریفراندۆمدا دەنگی بە سەربەخۆیی کوردستان دا، موستەحیلە ئێستا ئەو داواکارییەی هەبێت.

عێراق پێداچوونەوە بە گرێبەستە نەوتییەکانی لەگەڵ بەشێک لە کۆمپانیاکانی نەوتدا دەکات



وەزارەتی نەوتی عێراق پێداچوونەوە بە گرێبەستە نەوتییەکانیان لەگەڵ بەشێک لە کۆمپانیاکانی نەوتدا دەکات، کە کاری بەرهەمهێنانی نەوت لە کێڵگە نەوتییەکاندا دەکەن.

بەگوێرەی ئاژانسی زاگرۆس، ئیحسان عەبدولجەبار وەزیری نەوتی عێراق بە ڕۆژنامەی سەباحی نیمچە فەرمی ڕاگەیاندووە، بەنیازن پێداچوونەوە بە کار و گرێبەستەکانی ژمارەیەک کۆمپانیای نەوت لە عێراقدا بکەن، کە کاری بەرهەمهێنانی نەوت لە کێڵگە نەوتییەکاندا دەکەن. عەبدولجەبار ڕوونیشیکردووەتەوە ئەم بڕیارە لەکاتێکدایە بەهۆی بەرزبوونەوەی خەرجی و تێچوو لەلایەک و لەلایەکی دیکەشەوە بەهۆی کەمکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان، دەیەوێت هاوسەنگی لەنێوان خەرجی و داهاتەکان ڕابگرن. وەزارەتی نەوتی عێراقیش دەرگەی کراوە دەبێت بۆ دانوستاندن لەگەڵ کۆمپانیاکان، لەکاتێکدا خەرجی بەرهەمهێنانی نەوت لە عێراق زۆر بەرزبووەتەوە. وەزیری نەوتی عێراق ئاشکرای کردووە بەدواداچوونەکانیان تەنیا بۆ ژمارەیەک کۆمپانیای دیاریکراوە و هەمووان ناگرێتەوە.

ئەمڕۆ وەزارەتی ناوخۆ مووچە وەردەگرێت

ئەو لیستەی وەزارەتی دارایی و ئابووری رایگەیاندووە دابەشکردنی مووچە بەپێی بەردەوام دەبێت

وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان رایگەیاند، ئەمڕۆ سێشەممە 30-06-2020 دەست بە دابەشکردنی مووچەی مانگی دووی وەزارەتی ناوخۆ و هێزی زێرەڤانی و هێزی پێشمەرگەی بەرگری فریاکەوتن دەکرێت.

د. جووتیار عادل، گوتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشتر رایگەیاندبوو کە پرۆسەی دابەشکردنی مووچە بەپێی ئەو لیستەی کە وەزارەتی دارایی و ئابووری رایگەیاندووە بەردەوام دەبێت و لەماوەی رۆژانی قەدەخەی هاتووچۆ و پشووی راگەیاندنی دامودەزگا فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان، ستافی وەزیران و ئەو فەرمانبەرانەی کە زۆر پێویستن دەوامی ئاسایی خۆیان دەکەن.

رۆژی 27 حوزەیرانی 2020 لە دامودەزگاکانی وەزارەتی تەندروستی دەستکرا بە دابەشکردنی مووچە.

دواتر رۆژی 28-6-2020 مووچەی دیوان و لیواکانی وەزارەتی پێشمەرگە دابەشکرا و دوێنێ دووشەممەش -29 6-2020 مووچەی یەکەی 70 و 80 دابەشکرا.

رۆژی 21ی حوزەیرانی 2020 حکومەتی هەرێمی کوردستان چەند بڕیارێکی لەبارەی مووچە و دەرماڵەی فەرمانبەران و مووچەخۆران دەرکرد بەپێی بڕیارەکە بەشێوەیەکی گشتیی زۆربەی فەرمانبەران 21% مووچەکانیان دەبڕدرێت.

ئەو کەسانەش کە مووچەکەیان لە 300 هەزار کەمتر، کەمکردنەوەی مووچە نایانگرێتەوە و بڕیارەکەش کاتیە و تەنیا بۆ مووچەی مانگی دوو دەبێت. هاوکات بڕیارە لە سەرەتای مانگی حەوت یاسای چاکسازی بکەوێتە واری جێبەجێکردنەوە بەپێی یاساکەش دەستکاری دەرماڵەی زۆربەی فەرمانبەران دەکرێت بەتایبەت دەرماڵە ناجێگیرەکان.

وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان بەردەوام دەبێت لە راگەیاندنی مووچەی وەزارەتەکانی دیکەی و لە رۆژانی داهاتوودا خشتەی نوێی وەزارەت و دەستەکانی دیکە بڵاودەکاتەوە.



زاخو .. ئاکنجێن گوندێن سنوری مە نەڤێت دەڤەرێن مە ببنە گورەپانا شەری

زاخو ـ خەبات: ئاکنجێن گوندێن سنوری ل دەڤەرا زاخو داخواز دکەن گوندێن وان بێنە دویر ئێخستن ژگورەپانا شەرێ دناڤبەرا هێزێن تورکی وچەکدارێن pkk یێ» داکو جارەکا دی ڤەگەرنەڤە سەرجهێن خوە وژیانەکا ئاسایی دەربازبکەن

زەعیم کەال ئاکنجیێ گوندێ کەشانێ یێ سنوری یە ل دەڤەرا زاخو بو خەبات دیێژیت: ژترسا هێرشێن تورکیا ئەم نەچاربون گوندێ خوە چول بکەین داکو ژیانا مە بێتە پاراستن، ژبەر ژیان گەلەك ب زەحمەت بو ل بن هێرشێن توپخانە وفروکەیێن تورکی

زەعیم گوت :گوندێ مە ژێدەرێ سەرەکیێ ژیانامە یە ژبەرکو کارێ مە یێ سەرەکی چاندن و خودانکرنا پەزی یە ب راستی رەوشا مە ل گوندی گەلەك خوش بو و هەمی پێدڤێن ژیانێ مە بوخوە دابین دکرن، و نها ئەم نەچاربوین دەست ژهەمی تشتەکێ بەردین بەرب جهەکێ دی ڤە بچین.

زەعیم وسا دا زانین هەبونا چەکدارێن pkk ل ڤان دەڤەران بەهانەیەکا ب هێزە دەستێ تورکیا دا کو بەردەوام هێرشی

ژلایێ خوڤە فاتیمە عمر کو ئەوژی خەلکا گوندێ کەشانێ یە ونها ئاوارەبویە دیارکر،نها وەرزی چاندنێ یە کوژیدەرێ سەرەکیێ ژیانا مەیە وئەم نەچار بوینە رەز وباغێن خوە چول بکین ژبەر شەرو پێکدادانێن دناڤبەرا هێزێن تورکی وچەکدارێن pkk یێ دا ئەڤ چەندە بویە ئەگەر زیانێن مەزن بگەهینن خەلکێ گوندێن سنوری

ژهەژی ئاماژە پێکرنێ یە هێزێن تورکی ئوپراسیونەکا سەربازی ل ۱۷ ی ڤێ مەهێ ل دژی چەکدارێن pkk یێ ل چەند دەڤەرێن سنوری یێن سەر ب قەزا زاخو ڤە ئەنجام دایە و بویە ئەگەرێ ئاوارەبونا هەژمارەکا ئاکنجێن گوندێن سنوری ل دەڤەرا زاخو، وهەروەسا ل گور ژێدەرێن ئاگەهدار هێزێن تورکی چەند بنگەهێن سەربازی ل وان دەڤەرا دانایە.

چوار پۆست بۆ مەسیحییەکان یەکلا بوونەتەوە

نوێنەرێکی مەسیحییەکان لە پەرلەمانی کوردستان رایدەگەیەنێت، لە چوارچێوەی گۆڕانکاریکردن لە پۆستە ئیداریەکانی دهۆکدا، چوار پۆست بەر مەسیحییەکانی ئەو پارێزگایە دەکەون، ئەو چوار پۆستەش بۆ مەسیحییەکان یەکلا بوونەتەوە.

لەمبارەیەوە روبینا تەیاری، گوتی: «لە چوارچێوەی گۆڕانکارییە ئیدارییەکان، چوار پۆست بۆ پێکهاتەی مەسیحی یەکلا بوونەتەوە، ئەوانیش جێگری پارێزگار و دوو بەڕێوەبەری ناحیە و بەڕێوەبەرێکی گشتین، بۆیە هەر کاتێك گۆڕانکارییەکان کران، ئەو پۆستانە وەردەگرین».

تەیاری گوتیشی: «حکوومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری داوە لەو گۆڕانکاریانەی لە پۆستە ئیدارییەکاندا دەکرێت، پشکی پێکهاتەی مەسیحیش بدرێت، کە بەشدارین لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان و لە کابینەی نوێشدا وەزیرمان هەیە، بۆیە لە پۆستە ئیداری خۆجێیەکانیش پۆستمان پێدەدرێت و چاوەڕێ دەکەین کە گۆڕانکارییەکان دەست پێبکەن، تا ئەو پۆستانەش بۆ مەسیحییەکان یەکلا بکرێنەوە».

نوێنەری مەسیحییەکان لە پەرلەمانی کوردستان دەشڵێ، هەر کاتێك دەست بە گۆڕانکارییەکان کرا، کاندیدیان تا ئەو کاتە بۆ ئەو چوار پۆستە ئامادە دەبن.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری داوە کە گۆڕانکاری لە پۆستە ئیدارییەکانی دهۆکدا بکات و، لە سەرەتاشدا گۆڕانکاری لە پۆستی پارێزگار کرد و بڕیارە گۆڕانکاری لە پۆستەکانی دیکەشدا بکات.

تەندروستی سلێمانی ژمارەی ئەو کەسانە ئاشکرا دەکات کە پلازمایان بەخشیووە



د. یاد نەقشبەندی، وتەبێژی تەندروستی سلێمانی رایگەیاند، تاوەکو ئێستا ١٨٦ کەس دوای چاکبوونەوەیان لە نەخۆشی ڤایرۆسی کۆرۆنا، پلازمایان بەخشیووە.

وتەبێژی تەندروستی سلێمانی سوپاسی ئەو کەسانە دەکات و بە بەخشندە ناویان دەبات.

پلازمای خوێنی ئەو کەسانەی چاکبوونەتەوە، دژە تەنیان تێدایە و دەتوانن بەرگری تووشبووەکان بەرامبەر بە کۆرۆنا زیاد بکەن، ئەمەش رۆڵی لە رزگارکردنی ژیانی ئەوانە دەبێت کە نیشانەی تووند و کوشندەیان هەیە.

کەسوکاری ئەوانەی تووشبوویان هەیە و تەندروستیان ناجێگیرە، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان داوا لە چاکبووەکان دەکەن بە هانایانەوە بچن و جۆری خوێنی نەخۆشەکانیان بڵاودەکەنەوە.

بەگوێرەی توێژینەوەیەکی چینی، پلازمای خوێن تا سێ مانگ ٧٠٪ دژە تەنەکانی تێدا دەمێنێت.

پێداویستی خۆپاراستن لە ڤایرۆسی کۆرۆنا بەسەر هاوڵاتیاندا دابەشکرا



مسلم دۆلەمەری – بارزان

لەدرێژەی کارو چالاکیەکانیانداو بۆ زیاتر خزمەتکردن بە هاوڵاتیان ناوەندی مەزنێیی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بە سەرپەرشتی باران عەلی بەرپرسی ئەنجومەنی مێرگەسوری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان هەستان بە دابەشکردنی ماسك و دەستەوانە بەسەر شۆفێران و هاوڵاتیان لەسنوری ناحیەی مەزنێ , پێم وایە ئەم جۆرە چالاکیانە بۆ هەنوکە کارێکی زۆر پێویستە بۆ وشیارکرنەوەو رێنمایی کردنی هاوڵاتیانمان لە خۆپارێزی و بەبەشداری ئێمەی ئەنجومەنی مێرگەسور هەستاین بە دابەشکردنی دەستەوانەو ماسك بە سەر شوفێران و دوکانداران و هاوڵاتیان لە سنوری ناحیەی مەزنێ , پێم وایە ئەم جۆرە چالاکیانە بۆ هەنوکە کارێکی زۆر پێویستە بۆ وشیارکرنەوەو رێنمایی کردنی هاوڵاتیانمان لە خۆپارێزی لەم ڤایرۆسە کوشندەو دوژمنی شاراوەی مرۆڤەکان , لەبەرنامەماندایە بەردەوام بین لە دەڤەرەکەمان بۆ دابەشکردنی دەستەوانەو دەمامك و رێنمایی و وشیاریی هاوڵاتیانمان . بەهیوای سەلامەتی و لەش ساغی بۆ هاوڵاتیانی خۆشەویستمان .



خەودا کوڕێک باوکی خۆی دەکوژێت

کەرکوك.. لە گەڕەکی دەروازەی شاری کەرکوك دڕەنگانی شەوی ڕابردوو، مێردمندالێك لە شیرینی خەودا باوکی خۆی دەکوژێت. لە بارەی ڕووداوەکەوە پەیامنێری کوردستان تیڤی لە کەرکوك پێیڕاگەیاندین: بە پێی وتەی پۆلیسی ئازادی، شەوی ڕابردوو کەسێك بە ناوی «فەرمان مەلا حەمەدەمین» لە ماڵەکەی خۆیدا و لە کاتێکدا کە خەوتبووە بە دەستی کوڕە تەمەن ١٦ ساڵانەکەی بە دەمانچە کوژراوە.

ڕاشیگەیاند: بە پێی زانیارییە سەرەتاییەکان، کێشەیەکی بچووك لە نێوان باوك و کوڕەکە ڕوویداوە باوکەکە بەمەبەستی تەمبێکردنی لە کوڕەکەی داوە، کوڕەکەش بە مەبەستی تۆڵەکردنەوە لە کاتی خەوتنیدا باوکی خۆی کوشتووە.

گەنجێک بەگوللەیەک کۆتایی بەژیانی خۆی هێنا

لەگوندی زەنگڵانی ناحیەی سەنگەسەرە نیوەڕۆی دوێنێ دووشەممە بەهۆی بەرکەوتنی فیشەکەوە کۆتایی بە ژیانی گەنجێکی شوانکارە هات.

گەنجێك بە ناوی « ئەحمەد مینە نەبی» کە خەڵکی گەندی زەنگڵانی سەر بە ناحیەی سەنگەسەرە لە دەڤەری پشدەر بەهۆی دەرچوونی فیشەکێك لە چەکەکەی گیان لەدەست دەدات. بە پێی زانیارییەکان ئەو گەنجە شوانکارە بووە و لە کاتی لەوەڕاندنی مێگەلەکەی فیشەك لە دەستی دەرچووە و بەهۆیەوە گیانی لەدەستداوە.

48 رۆژنامەڤان لەهەرێمی کوردستان تووشی کۆرۆنا بوون

بەپێی ئامارێک کە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان کۆی کردووەتەوە، تاوەکو ئێستا 48 رۆژنامەڤان لە هەرێمی کوردستان تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون. نەقیبی سەندیکای رۆژنامەنووسانیش دەڵێت: «یەکێکیان گیانی لەدەستداوە».


ئازاد حەمەئەمین، نەقیبی سەندیکای رۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستان دەڵێ، تائێستا 48 رۆژنامەڤان لە هەرێمی کوردستان تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون و یەکێک لەوانە لە سنووری پارێزگای سلێمانی گیانی لەدەستداوە، بەڵام تەندروستیی ئەوانی دیکە جێگیرە. بە گوتەی ئازاد حەمەئەمین، ژمارەیەک رۆژنامەڤانی دیکە بە گومانی تووشبوون بە کۆرۆنا پشکنینیان بۆ کراوە، بەڵام تائێستا ئەنجامی پشکنینەکانیان ئاشکرا نەکراوە.

بەپێی دواییەن راگەیێندراوی وەزارەتی تەندروستی کە رۆژی 28ی حوزەیران بڵاوکراوەتەوە لە ماوەی 24 کاژێردا، هەزار و 421 کەس پشکنینی ڤایرۆسی کۆرۆنایان بۆ کراوە، کە 139 کەس ئەنجامی پشکنینەکانیان پۆزەتیڤ بووە، تووشبووە نوێیەکان 55یان لە ئیدارەی گەرمیان، 40یان لە هەولێر، 31یان لە سلێمانی، 9یان لە هەڵەبجە و 4یشیان لە دهۆك بوون.

هاوکات 41 تووشبووی ڤایرۆسی کۆرۆنا چاکبوونەتەوە کە 27یان لە هەولێر، 8یان لە هەڵەبجە و 6یان لە ئیدارەی گەرمیان بوون؛ شەش تووشبووی دیکەی کۆرۆناش گیانیان لەدەستداوە کە سیانیان لە سلێمانی و راپەڕین، دووانیان لە هەولێر و ئەوەی دیکەشیان لە هەڵەبجە بووە.

هەروەها بەپێی دواییەن ئاماری وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان، تائێستا پێنج هەزار و 672 کەس لە هەرێمی کوردستان تووشی کۆرۆنا بوون. هەزار و 675 لەو تووشبووانە چاکبوونەتەوە، 186 تووشبووش گیانیان لە دەستداوە. هەروەها سێ هەزار و 811 کەس، ڤایرۆسەکە لە جەستەیاندا چالاکە.

هەولێر.. پۆلیس دوو کەسی بە تۆمەتی دزینی کەلوپەلی ناو ماڵی هاووڵاتییەک دەستگیرکرد



پۆلیسی هەولێر رایگەیاند، دوای ئەوەی لە ناحیەی دارەتوو هاووڵاتییەك سکاڵای لای پۆلیس تۆمار کرد کە کەلوپەلی ناوماڵی لێ دزراوە، دەستبەجێ تیمەکانی پۆلیس دەستیان بە لێکۆڵینەوە کرد و توانییان بە ماوەیەکی کەم دوو کەس بە ناوەکانی (ع.ن.ع) و (م.م.ع) بە تۆمەتی دزینی کەلوپەلی ناو ماڵی هاووڵاتییەکە دەستگیر بکەن. پۆلیس دەشڵێت:تۆمەتبارانی ناوبراو، دانیان بەوەدا نا کە کاتژمێر 5ی بەرەبەیانی تاوانەکەیان ئەنجامداوە ، بۆیە پەڕاوی لێکۆڵینەوەیان بۆ ڕێکخرا و ئێستاش بەپێی ماددەی (446) لە یاسای سزادان، بەند کراون و رووبەڕووی یاسا کراونەتەوە.


سێ پزیشکی نەخۆشخانەی لەدایکبوون و منداڵان تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون

سۆران.. دوای تووشبوونی سێ پزیشک لەنەخۆشخانەی لەدایک بوونی منداڵانی سۆران، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکە داوا لەهاووڵاتیانی ناوچەکە دەکات، هەرکەسێک منداڵی نەخۆشە سەردانی نەخۆشخانەی ئاشتی بکات.

لە ڕاگەێندراوێکدا بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی لەدایکبوون و منداڵانی سۆران ڕایگەیاند: بەهۆی تووشبوونی 3 پزیشکی نەخۆشخانەکەمان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا، لە ئێستادا تەنیا پێشوازی لەو نەخۆشانە دەکەین کە پێویستیان بە چاودێرییە. دەشڵێت: بۆ پشکنین و دڵنیابوون لە تەندروستی کۆرپەکانتان سەردانی نەخۆشخانەی ئاشتی بکەن لە سۆران و پزیشکی تایبەت بە منداڵان لەوێ لەپێشوازیتان دەبێت. ئاماژەی بەوەش کردووە نەخۆشخانەکە داناخرێت .

بە مەبەستی بایەخدان بە کەرتی کشتوکاڵ و هەمەجۆرکردنی سەرچاوەکانی داهات

حکوومەتی هەرێم بۆردی پەرەپێدانی کشتوکاڵی دروستکرد



گوتەبێژی وەزارەتی کشتوکاڵ:
سەقفی باجەکانمان بەرزکردەوە تا گرنگی بە بەرهەمی ناوخۆ بدەین و بەرهەمی هاورده نەتوانێت رکابەری بکات

خەبات: فاتیح بەرزنجی

بەگوتەی «حوسێن حەمە کەریم» گوتەبێژی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەئامانجی زیاتر پێشخستنی کەرتی کشتوکاڵ و بووژاندنەوەی زیاتری ئەو کەرتە و هەمەجۆرکردنی سەرچاوەکانی داهاتی کوردستان لەلایەن (حکوومەتی هەرێمی کوردستان)ـەوە بۆردی پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ بە سەرپەرشتی (سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان) گرنگی تەواو بەو بۆردە دەدات.

ژمارەیەک کۆمپانیای ناوخۆ ئامادەیی خۆیان دەربڕیووە 500 هەزار تەن گەنم بکڕنەوە

حوسێن حەمەکەریم گوتیشی: ئەو هەنگاوە گرنگە بەپێی کارنامەی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە، کە ئەو کارنامەیە لەچەندین خاڵ پێکهاتووە، دیارە ئەو کارنامەیە زۆر تەواو بەکەرتی کشتوکاڵ دەدات تاوەکو کەرتێکی ژێرخانی ئابووری بەگرنگییەوە کاری لەسەر بکرێت و تەنیا متمانە نەکرێتەسەر کەرتی نەوت و وزە، بەڵکو کەرتی کشتوکاڵیش لەپاڵ کەرتەکانی (پیشەسازی و گەشتوگوزار) کاری لەسەر بکرێت، سەبارەت بەو بۆردە و وردەکاری کارەکانی دیکە، وەک (ڕۆژنامەی خەبات) سەردانی (وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو)مان کرد.

دروستکردنی بۆردی پەرەپێدانی کشتوکاڵی لەکوردستان

«حوسێن حەمە کەریم گوتەبێژی وەزارەتی کشتوکاڵ، دەربارەی وردەکاری ئەو بۆردە ڕوونیکردەوە: بۆ بەرەو پێشبردنی ئەو کەرتە ئەو لایەنانەی کەپاڵپشتی دەکەن بریتین لە: (وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی و وەزارەتی دارایی و وەزارەتی پلان دانان و دەستەی وەبەرهێنان) و هاوکاری و هەماهەنگی تەواوی (وەزارەتی کشتوکاڵ)دەکەن بۆ بەرەو پێشبردنی کەرتی کشتوکاڵ و لەهەمان کاتیشدا گرنگی دراوەبە کەرتی تایبەت تا ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕێ، شانبەشانی وەزارەتی کشتوکاڵ لەو ڕوانگەیەوە حکوومەتی هەرێم بۆ یەکەمینجارە بریاری ئەوەی داوە بۆردێک دروستبکرێت بەناوی (بۆردی باڵای پەرەپێدانی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان) و ئەو بۆردە بەسەرپەرشتی (سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان) کە سەرۆکی بۆردەکەیە لەگەڵ (جێگری سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و وەزیرەکانی کشتوکاڵ و پلان دانان و دارایی و بازرگانی و پیشەسازی و سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان) دیارە ئەو وەزارەتانە ئەندامی ئەو بۆردەن و ئەرکی سەرەکی ئەو بۆردە بریتییە لە چارەسەرکردنی هەموو ئەو کێشەو ئاریشانەی کە دێنە بەردەمی ئەو کەرتەو چارەسەری دەکەن و لەلایەکی دیکەیش کارەکانی کەرتەکە بەپێی یاساو ڕێنمایی دەبێت، تا زیاتر بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێت لە ڕووی هەموارکردنی یاساوپێدانی ڕێنمایی لەهەمووی گرنگتر دابینکردنی بودجەیە بۆ ئەو بۆردە و پڕۆژە گرنگ و ستراتیژیەکان و هاندانی کەرتی تایبەت، تا بە هەموو لایەک بتوانین هەنگاوی کردنی بۆ بەرەو پێشبردنی زیاتری کەرتەکە بهاوێژین، جگە لەوەش بەپیشەسازیکردنی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان و بەبازاڕکردنی بەرهەمە کشتوکاڵییەکانە، ئەوانە ئەو خاڵانەبوون کە کاری لەسەر دەکەین بۆ ئەو بۆردە و لای هەموانیش ئاشکرایە کە کەرتی کشتوکاڵ کەرتێکی فرە ڕەهەندە، بۆیە پێویستی بەکارکردن و پاڵپشتی تەواو و بەدواداچوونی بەردەوام هەیە تا بەکەمترین ڕۆتین و بەپێی یاساو ڕێنمایی کاری لەسەر بکرێت.

کارو بەرنامەی کشتوکاڵ لە وەزارەتی کشتوکاڵ

گوتەبێژی وەزارەتی کشتوکاڵ گوتی: ئێمە وەکو وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو پلانێکی فراوان و تۆکمەو دارێژراومان پێشکەش بە ئەنجوومەنی وەزیران کرد کە بریتیبوو لە: سێکتەری ئاو و کشتوکاڵ و ئاژەڵداری وپەرەپێدانی بەنداوەکان، تا بەپێی ساڵەکان لەلایەن حکوومەتی هەرێمەوە کاری لەسەر بکرێت، بەڵام بەداخەوە بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و قەدەغەی هاتوچۆوە کارەکان سستیان تێکەوت، بەڵام کارەکانی ئێمە هەر بەردەوام دەبێت و لەو ماوەیەش کۆمەڵێک هەنگاومان ناوە و ژمارەیەک یاساش پێشکەشکراوە بە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران کە هەموو یاسای بنەڕەتین بۆ ڕێکخستنەوەی بازاڕ و چارەسەرکردنی هەمووی تەواو بوون و گەڵاڵە کراوە، ژمارەیەک کۆمپانیای ناوخۆش ئامادەیی خۆیان دەربڕیوە تا ٥٠٠ هەزار تەن گەنم بکڕێنەوە لەناوخۆ، ئەمە جگەلەو بڕەی کە حکوومەتی عێراقی وەریدەگرێت، ئەگەر ئەو پڕۆژەیە بچێتە بواری جێبەجێ کردنەوە ئەوا دەبێتە هەنگاوێکی گرنگ لەبواری بەبازاڕکردنی گەنم و بەپیشەسازکردنی گەنم و گرنگی تەواوی بۆ بەرهەمەکانی دیکەی وەکو (ساوار و قەرەخەرمان و بڕوێش و ماکەڕۆنی) و کارگەی زۆری دیکەیش دابنرێت، ئەوا دەرفەتی وەبەرهێنان زیاتر لەو بوارانە دروستدەکات.

پێداچوونەوەبە لیستی باج

هەر لەدرێژەی قسەکانیدا، گوتەبێژی وەزارەتی کشتوکاڵ دەربارەی پێداچوونەوە بە لیستی باج گوتی: ئێمە بەسەر لیستی باجدا چوینەتەوە، سەقفی باجەکانمان بەرزکردەوە تا بتوانین گرنگی بەبەرهەمی ناوخۆ بدەین و بەرهەمی هاورده نەتوانێ ڕکابەری بەرهەمی ناوخۆ بکات، ئەوەش هەنگاوێکی گرنگە بۆ زیاتر بەرەو پێشەوە بردنی بەرهەمی ناوخۆ و دڵخۆشکردنی برا جووتیارەکان.

کێشەی زەوی و دابینکردنی زەوی بۆ پڕۆژە کشتوکاڵییەکان و سەرپەرشتیکردنی پڕۆژە کشتوکاڵییەکان، ئەو یاسایانە زۆر پێویست و گرنگبوون، بۆیە وەک وەزارەتی کشتوکاڵ دامانڕشتبوو کاری باشی لەسەر کراوە و هەنگاوی باشی ناوە، بە ئومێدی ئەوەین کە لەداهاتوویەکی نزیکدا هەموو ئەو یاسایانە لە پەرلەمانی کوردستان دەربکرێن و بچنە واری جێبەجێکردنەوە، یەکێک لەو ئەرکانەی کە ئێمە کارمان لەسەر کردووە هەموارکردنەوەی ڕێنماییەکان بووە، هەموو ئەو ڕێنماییانەی کە کاری پێدەکەین لە هەموو بواراکاندا و هەموارمانکردۆتەوە، تا بەکەمترین ڕۆتین کارەکانمان چارەسەر بکەین.

دواتر (گوتەبێژی وەزارەتی کشتوکاڵ) باسی لە بواری وەبەرهێنان و بە پیشەسازیکردن کرد و گوتی: ژمارەیەک پڕۆژەی زۆرمان پێشکەشی دەستەی وەبەرهێنان و وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی کرد، کە بریتی بوون لە چەندین پڕۆژەی گرنگ، دەکرێ بکرێنە ژێرخانێکی گرنگ بۆ کەرتی کشتوکاڵ، وەکو گرنگیدان بە(گەنجینەی سارەدەکەر) و دروستکردنی سایلۆ و کارگەی بەپیشەسازیکردنی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان و ڕێکخستنەوەی عەلوەکان ئەوانە هەمووی ژێرخانی گرنگن بۆ کەرتی کشتوکاڵ و کاریشی لەسەر کراوە، یەکێک لەو پڕۆژە گرنگانەی کەلەو ماوەیە کارمان لەسەر کردووە بۆ یەکەمینجارە و بریتییە لە کڕینەوەی گەنم لەلایەن حکوومەتی هەرێمەوە و پڕۆژەکەمان پێشکەش کرد، بەڵام بە هۆی ڤایرۆسی کۆرۆناو ڕاگرتنی دەوام پڕۆژەکە دواکەوت، ئەگەرچی هەرکاری لەسەر کراوە و لەقۆناغی کۆتاییدایەو کارەکان





کۆرۆنا و کەرەنتین و کێشە کۆمەڵایەتییەکان

دیدار سابیر


پەتای کۆرۆنا جگە لەوەی لەرووی تەندروستیدا جیهانی دەستەوەستان کردووە، کاریگەری لەسەر تەواوی سێکتەرەکانی دیکەی ژیانیش دروست کردووەو تەنانەت خێزان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیش بەدەرنەبوون لەو کاریگەرییە خراپانەی بەهۆی ئەم ڤایرۆسەوە هاتوونەتە ئارا، بەرادەیەک کە بچووکترین و کاریگەرترین یەکەی نێو کۆمەڵگە خەریکە تووشی شڵەژان دەبێت.

لە ئێستادا گەورەترین کێشەی هاوسەران بریتییە لە گۆڕانی هەڵسوکەوتی پیاو یان ژن، بە بەراورد لەگەڵ سەرەتای پڕۆسەی هاوسەرگیری، دەیبینین و ئاشکرایە پیاوان و ژنان سەرەتای هاوسەرگیریدا بە رادەیەکی بەرز و گەرموگوڕییەوە مامەڵە لەگەڵ یەکتر دەکەن، بەڵام دوای ماوەیەک کۆمەڵێک گۆڕانکاری دروست دەبێت، کە هەریەک لە ئافرەت و پیاو هەستی پێ دەکات، لەوانەش دەنگ بەرزکردنەوەی بەبێ هۆکار و بیانووگرتن بە ناخۆشی خواردن و جلوبەرگ و هەڕەشەکردن لە ئافرەت بە هێنانی ژنی دووەم و چەوساندنەوە و پێنەدانی خەرجی ڕۆژانەو شاردنەوەی هەندێ بابەتی پیاو و ژن وەک مۆبایل و پارە و هەندێ شتی تر.

بەداخەوە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی کاریگەری لەسەر ژیانی هاوسەرگیری بەڕێژەیەکی زۆر داناوە و تووشی دۆخێکی دەروونیی ئاڵۆز و خراپی کردووین، بەڵام ئەوەش ئاگەیەنێت، کە ئێمە چۆکی بۆ دابنێین و دەستبەرداری ژیان و خۆشی و لایەنی دەروونیمان بین و تەسلیمی کێشەکان بین، باشترایە بەهەموو هێز و وەرەیەک بەرەو ڕووی ببینەوە، زۆر بەدڵنیایی لەدوای ئەم ناخۆشییانەش ڕۆژانی خۆش دێن.

بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا ئێستا زۆرینەی خەڵک لەماڵەوەن، بەتایبەتیش پیاوان کە وەها رانەهاتوون لە ماڵ دابنیشن، بۆیەش هەڵچوون و تووڕەبوون و بیانووگرتن و دەیان کێشەی گرفتی دیکەی لەنێو خێزانەکان دروستکردووە، دواجار هەموو ئەوانەیش دەبنە هۆکاری لەیەکتر دوورکەوتنەوەی هاوسەرەکان و لەقکردنی شیرازە خێزان، هاوکات بەشێک لەوانەی لە دادگاکان بەئاگان ئاگاداری ئەوەیشن کە بەهۆی کەرەنتینکردنی خەڵک ڕێژەی سکاڵا لە بەرزبوونەوەدایە و بەشێکی زۆریش لەو سکاڵایانە لە ئەنجامی بچووکترین کێشەی ناو خانەوادە دروستبووە، کە دەکرا بە هەندێک ئارامگرتن و ڕێزگرتنی بەرانبەر کار نەگاتە ئەو ڕادەیەی دوو هاوسەر لەبەردەم دادگا یەکتر ببینەوە.

دەبێ ئەوەیش بگوترێت کە زۆرینەی ئەو کێشە و ئاریشانەی لەنێوان هاوسەرەکاندا هەن و بەهۆیانەوە ڕوو دەکەنە دادگاکان، کێشەی ئەو ژن و مێردانەیە کە لە ئاستێکی بەرزی ڕۆشنبیریدان خاوەنی بڕوانامەی بەرزیشن، کە ئەوەی جێگەی نیگەرانییە ئەوان دەبوو ببنە پێشەنگی بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگە، نەک خۆیان بەشێکبن لەو سکاڵاو داواکارییانەی ڕۆژانە دەچنە بەردەم دادگا.



یادی راگواستنی بارزانییەکان بۆ باشووری عێراق و دواتر بۆ سلێمانی

زانیار سەردار قرگەیی

دوورخستنەوەی زۆرەملێیانەی بارزانییەکان لە زێد و مەنزڵگەی بارزانەوە بەرەو زۆر شوێنانی تر لە عێراقدا، مێژوویەکی دوورودرێژی پڕ لە نەهامەتیی ئەو تێکۆشەرانەیە کە بۆ چۆنیەتی بەئەنجام گەیاندنی ئامانجێکی نیشتمانپەروەرانە و هەڵوێستی نەتەوەییانەی مەبەستدار لە ژیاندا تێدەکۆشان و خەباتیان کردووە. ئەم بابەتە تایبەتە بە بەشێك لەو مێژووەی راگواستنیان، بەڵام لە شوێنێکدا کە بە مانگی خۆیان زانیوە، خەڵکی ئەو شوێنەیش وەك میوان و غەریب پێشوازییان لێ نەکردون، بەڵکو وەك خانەخوێیەك کە لە پێناوی ئامانجێکی مەزندا تووشی ڕاگواستن و دەردیسەری کرابوون باوەشیان بۆ کردبوونەوە و ڕێزێکی تایبەتیان لێناون، ئەو شوێنەش شاری سلێمانی بووە.

ژیانی بارزانی لە شاری سلێمانی و چۆنیەتیی دەربازبوونی لە سلێمانییەوە بۆ دەڤەری بارزان

لە زەمانێکدا کە هەموو کەس و ڕەنگ و دەنگێك کە لە لایەن ڕژێمەکانی پێشووی عێراقەوە لەسەر کوردایەتی سزا بدرابایە جێی ڕێز و پێزانینی هەموو بەشێکی تری کوردستان بوون، دیاردەی ڕاگواستنی خەڵکی دەڤەری بارزان و بارزانییەکان، لە مێژوودا زۆر کەرەت دوپات بووتەوە، لێرەدا هەوڵم داوە لە ڕێی چەند سەرچاوە و دیمانەیەکەوە مێژووی گیرسانەوەی بەشێك لە بارزانییەکان لە ساڵانی کۆتایی سییەکانی سەدەی ڕابردوو لە شاری سلێمانی و، ژیانی بارزانی لە سلێمانی و چۆنییەتی دەربازبوونی بۆ دەڤەری بارزان، بە سەربکەمەوە:

شاهۆ سەعید سەید قادر، سەبارەت بە ڕاگواستنی کەسایەتییە ناسراوەکانی کورد بەگشتی و بارزانییەکان بەتایبەتی لە لێکۆڵینەوەیەکیدا دەنووسێت:

لە ڕۆژگاری دەسەڵاتدارێتی پاشایەتیدا، دیاردەی دوورخستنەوە و ڕاگواستنی کەسایەتی سیاسی و دەستبەسەرکردن، بابەتێکی باو و دیاردەیەکی بەرچاو بووە، بەتایبەتی لە ساڵانی سییەکاندا، زۆر لە هەڵسوڕاوانی سیاسی و نەیارانی حکوومەتی پاشایەتی دوورخراونەتەوە، هەندێ کەسایەتی وەك"مەحمود خانی دزڵی، حەمە ڕەشیدخانی بانە، شێخ ئەحمەد بارزانی و مستەفا بارزانی و بارزانییەکان..." بەدوورخراوەیی لە شاری سلێمانیدا ژیاون. لە هەمان کاتدا خەڵکی کوردپەروەری سلێمانییان بۆ خوارو و ناوەڕاستی عێراق ناردووە.

سەرەتای گواستنەوەی بارزانییەکان بۆ هەریەك لە شارەکانی "مووسڵ، ناسریە، بەغدا، ناغجەلەر، کفری، سلێمانی" بووە. سەبارەت بە ڕاگوێزانی بارزانییەکان بۆ سلێمانی، ڕاوبۆچوونەکان جیاوازن و ساڵی 1936 یاخود 1937 دادەنێن، بەڵام "کریس کۆچیرا" گواستنەوەکەیان بە ساڵی 1936لە قەڵەم دەدات. لەم بارەیەوە ئەحمەد خواجە دەڵێت:

"ماڵم لە تەنیشت ماڵی شێخ بابە عەلی شێخ مەحمودەوە بوو جارێکیان وتی: ئەوە بارزانییەکانیان هێناوەتە پشت ماڵی ئێمە بابچینە لایان، ئەو "بەکر سدقی"یە زۆڵە هێناونی".

دەڵێن هەریەکە لە "هەمزە عەبدوڵڵا و شێنێی بڕای عیزەت عەبدولعەزیز" پێکەوە چوونەتە لای سەرۆك وەزیران "حیکمت سلێمان" و لە ڕۆژگاری حکوومەتەکەی "بەکرسدقی" داواکار بوون کە بارزانییەکان بۆ سلێمانی بگوێزێتەوە و لەو ڕەوشە ناهەمواڕەی باشووری عێراق ڕزگاریان بێت، کە خودی بارزانییەکان سکاڵای زۆریان لەوبارەیەوە هەبوو. حکوومەت ڕەزامەندی ڕاگواستنەکەی داون.

سەرەتای هاتنیان بۆ سلێمانی بەناو شاردا بڵاوبوونەتەوە، "مەلا مستەفا" لە ماڵی "سەید نووری نەقیب" بەرامبەر بە ماڵی "شێخ قادری حەفید" نیشتەجێ بووە، دواتر لە گەرەکی "سەرچیمەن" لە خانووەکەی "کەریم بەگ"دا بووە، خێزانەکانی کە لەگەڵیدا بوون، هەندێکیان لە "خانەکەی شێخ ڕەشیدی خەمزە"دا بوون، ئەوانیتریش لە "حەوشی گەورەدا"دا نیشتەجێ بوون.

حکوومەت مانگانە، یەکی بڕێك پارەی داونەتێ، بەڵام لەچاو پێداویستی ژیانی ئەو ڕۆژگارەدا زۆرکەم بووە، تا دەهات مانگانەکەیان کەمتری دەکرد تا ئەو ڕادەیەی گەیشتە "30" فلس ڕۆژانە بۆ هەر بارزانییەك، شارەوانی سلێمانیش مانگی یەك ڕووپیەی ئەدانێ، بەڵام دواتر ئەوەش نەما و بڕیان. ئەو بڕە پارەیەی بۆ خەرجی وەریان گرتووە بەشی بژێوی ژیانی نەکردوون، بەتایبەتی لە ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانیدا.

هەربۆیە ناچاربوون داوای یارمەتی لە خەڵکی بکەن، خەڵکی سلێمانی هاوکاری کردوون و حکوومەت هەوڵی داوە ڕێگری لەو هاوکارییەی خەڵکی شار بکات و نەیهێڵێت، بەڵام خەڵکی سلێمانی دەیانزانی لەسەر کوردایەتی دوورخراونەتەوە و دەستبەسەرکراون یارمەتیان دەدان، سەرەڕای ئەو هەڕەشە و ڕێگریانەی پیاوەکانی حکوومەت دەیانکرد، هێندەی لە توانایاندا بووە هاوکاری و دەستگیرۆییان کردوون، بەتایبەتی کەسانی وەك "شێخ لەتیفی حەفید و حەپسەخانی نەقیب" هەردەم هاوخەم و هاوکاریان بووون.

عەبدوڵڵا زەنگەنە دەڵێت:

لە بارەی شوێنی حەوانەوە و دانیشتنی هەریەك لە مەلا مستەفا و شێخ ئەحمەدی برا گەورەی لەو شارانەی بە زۆرەملێ تیایاندا دەستبەسەرکران، دیسان لە نێوان بۆچوونی نووسەران و تۆێژەران جیاوازی هەیە، من پێم وایە لەبەرئەوە بووە کە حکوومەت نەیهێشتووە ئەوان لە هیچ شوێنێك ئۆقرە بگرن، ئەوەتا شێخ ئەحمەدی بارزانی خۆی گوتوویەتی ئەوان دووجاران لە بەغدا و سلێمانی جێگۆڕکێیان پێکراوە: ماوەیەك لە مووسڵ ماینەوە، دوای ئەوە نیوە شەوێك هەموومانیان نارد بۆ ناسریە، ماوەی ساڵێك ماینەوە، پاشان هێنانیانەوە بۆ بەغدا، نزیکەی شەش مانگیش لەوێ ماینەوە، ئێمە کە ئەم هەموو هاتووچوونەیان پێ کردین، 40 کەس بووین، بۆ ئەو 40 کەسە مانگی 44 دیناریان دەدانێ، لە (ناسریە)شەوە بۆ سلێمانی، ئەمجا بۆ ئالتون کۆپری، لەوێوە بۆ جاری دووهەم ناردینیانەوە بۆ سلێمانی، لەم کاتەدا کە لە سلێمانی بووین، مەلا مستەفا دەرباز بوو بۆ ئێران، دواتر ئێمەشیان ڕەوانەی شارۆچکەی حللە کرد.

"توماس بوا / لە کتێبی - تاریخ الاکراد"دا دەڵێت:

"شاری سلێمانی بۆ مەلا مستەفا و بارزانییەکان وێستگەیەکی نوێی یەکجار گرینگ بوو، سلێمانی ناوەندێکی چالاکی کولتووری و مەکۆیەکی بەرچاوی بیری نەتەوایەتی بوو"

دەڵێت:

شاری سلێمانی بۆ مەلا مستەفا و بارزانییەکان وێستگەیەکی نوێی یەکجار گرینگ بوو، سلێمانی ناوەندێکی چالاکی کولتووری و مەکۆیەکی بەرچاوی بیری نەتەوایەتی بوو".

مستەفا بارزانی خۆی دەڵێت:

" توانیم لە ماوەی ساڵانی مەنفادا تا ساڵی 1943 دەست بکەم بە خوێندن و خۆفێرکردن و، توانیم بڕێکی باش زانیاری بەدەست بهێنم و ئاستی ڕۆشنبیریم بەرزکەمەوە". بێگومان کاتێك بارزانی لە سلێمانی بووە، تەمەنی ڕێگر بووە و نەگونجاو بووە بۆی لە قوتابخانەکانی ئەوکاتەی سلێمانی بخوێنێت، هەربۆیە پەنای بردۆتە بەر مزگەوت و مەلاکانی سلێمانی، بە تەنیا لای مەلایەك نەیخوێندووە بەڵکو لای چەند مەلایەك وەك ئەوەی لە کاتێکدا لای مەلا عەبدوڵڵای چروستانی لە مزگەوتی مەولانا خالد خوێندوویەتی لە هەمان کاتدا ڕۆژانە لەگەڵ "ئەسعەد خۆشەوی" سەردانی مزگەوتی"مەلا حسینی پیسکەندی"یان کردووە و وەك گوێگر لە دوای موستەعیدەکانەوە دانیشتوون. هەندێ جاریش لای مەلا "سەید عەبدوڵڵا"ی ئیمامی مزگەوتی گەورە دەرسی خوێندووە، جاروبار بۆ پرس و ڕای ئایینی چووەتە لای مامۆستا شێخ نووری شێخ بابە عەلی لە گەرەکی "سەرچیمەن". ماوەیەك لای مەلا مستەفای سەفوەت کتیبی "المختصر"ی خوێندووە، سەردانی مزگەوتی شێخ سەلامی کردووە و لەوێش خوێندویەتی.

بارزانییەکانی تریش بەشێوەیەکی گشتی هەوڵیانداوە لە خوێندن دانەبڕێن و دەستیان بە خوێندن کردووە، منداڵەکانیان لەگەڵ منداڵانی سلێمانی لە مەکتەبی "خالیدیە و ئەیوبیە" خوێندویانە. بارزانییەکان لە سلێمانی ئاسوودەتر بوون و توانیویانە بە ئازادی بەناو شاردا هاتووچۆ بکەن و خەڵکی سلێمانی ڕێزیان لێگرتوون، کە ڕەنگە پێشتر لە شارەکانی تری وەك "موسڵ و بەغدا و ناسریە".. بەم شێوەیە نەیانتوانیوە جموجووڵ بکەن.

لە ڕاستیدا بارزانییەکان لە جموجووڵە سیاسییەکانی ئەم شارە و کەسە کوردپەروەرەکانی بێئاگا نەبوون، کاتێك لە سەرەتای ساڵی 1936 شێخ مەحمود لە بەغدا دەستبەسەر بوو، بارزانییەکانیش هەر لە بەغدا دەستبەسەر بوون و سەردانی یەکتریان کردووە و چاویان بەیەك کەوتووە. سەرەتای ئاشنا بوون و تێکەڵاوی بارزانی لە سلێمانی لە دەروازەی لایەنە کۆمەڵایەتییەکەیەوە بووە، واتە لە سەرەتاوە ڕایەڵەی کۆمەڵایەتی دروستکردووە و هەوڵی داوە کەسە ناودار و دیارەکانی سلێمانی بناسێ و ڕوویکردۆتە ئەو ماڵ و دیوەخانە بەناوبانگانەی لە ناوشاردا بوون.

سەرەڕای فشارەکانی حکوومەت لەو سەردەمەدا سلێمانی مەڵبەندێکی سیاسی دیار بووە و کۆمەڵێك ڕێکخراو و کۆمەڵەی سیاسی کاریان کردووە و دامەزراون و سەرقاڵی کاری سیاسی و چالاکی بوون، کە ڕەنگدانەوەی بیری نەتەوەیی و نیشتمانپەروەرانەیان نواندووە، ئا لێرەوە بارزانی هەڵێکی زێڕینی بۆ ڕەخساوە و دەستی کرد بە تێکەڵبوون لەگەڵ خەڵکانی نەتەوەپەروەر.

"سەرەڕای فشارەکانی حکوومەت لەو سەردەمەدا سلێمانی مەڵبەندێکی سیاسی دیار بووە و کۆمەڵێك ڕێکخراو و کۆمەڵەی سیاسی کاریان کردووە و دامەزراون و سەرقاڵی کاری سیاسی و چالاکی بوون، کە ڕەنگدانەوەی بیری نەتەوەیی و نیشتمانپەروەرانەیان نواندووە، ئا لێرەوە بارزانی هەڵێکی زێڕینی بۆ ڕەخساوە و دەستی کرد بە تێکەڵبوون لەگەڵ خەڵکانی نەتەوەپەروەر."

پشت و پەنایان بوو، گرینگیەکی زۆری پێدان و یارمەتی دان و باربۆی بۆکردن.

ئەوەی جێگەی ئاماژەیە بارزانی لەگەڵ ڕێکخراوێکی سیاسی وەك کۆمەڵەی برایەتی دەگونجا. هەربۆیە بارزانی زوو بوو بەدۆستیان و پەیوەندیەکی پتەوی پەیداکرد و چووە ژێر کاریگەری چالاکییەکانی برایەتی. بەڵام پەیوەندییەکانی نەچووە سنووری بوون بە ئەندام بوون و کارکردن لەگەڵیان بەشێوەی فەرمی.

بارزانی لەگەڵ ئەندامانی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی "هیوا" کەمتر تێکەڵ بووە، لەگەڵ ڕەوتی بیرکردنەوەی ئەودا نەگونجاون سەرەڕایی ئەوەی هاوڕێیەتی لەگەڵ سەرۆکی هیوا "ڕەفیق حیلمی" باش بووە.

بارزانی زۆرجار لەگەڵ مەحمود خانی دزڵی مۆڵەتیان لە پۆلیس وەرگرتووە و چوونەتە دەرەوەی شار بەناوی ڕاوکردنەوە، بەڵام ئەم ڕاوکردنە زیاتر بە مەبەستی شارەزابوونی ناوچەکە بووە بۆ بارزانی.

لە کاتێکدا بزووتنەوەکەی "ڕەشید عالی گەیلانی" لە بەغدا ڕوویدا لە ساڵی 1941 شێخ مەحمود بە هاوکاری چەند کەسێکی دڵسۆزی وەك (میرزا عەزیزی تافان و شێخ عەزیز)، توانی لە بەغدا خۆی دەربازکات و لە ڕێگەی کفریەوە گەیشتۆتەوە سلێمانی و لە ناوچەی (سیتەك) نیشتەجێ بووە، لەو بارودۆخەوە حکوومەت ترسی زیاتری لە دۆخی سیاسی سلێمانی پەیدا کرد، هەر بۆیە ڕێوشوێنی تووندوتوڵی ئەمنی گرتەبەر و چاودێری زیاتری مەلا مستەفا و شێخ ئەحمەدی بارزانییان کردووە.

کریس کۆچیرا دەڵێت:

" لە یەکێك لە دانیشتنەکانی نێوان شێخ مەحمود و بارزانی باس لەوە کراوە کە بارزانی ڕابەکات و سلێمانی بەجێ بهێڵێت و بچێتەوە بۆ ناوچەی بارزان و لەوێ شۆڕش دەستپێ بکات و شێخ مەحموودیش لە سلێمانی دەست بە شۆڕش بکاتەوە، بەڵام پاشان شێخ مەحمود ئاگاداری بارزانی دەکاتەوە کە ناتوانێت شۆڕش لە سلێمانی بەڕپا بکاتەوە بەهۆی بارودۆخی سیاسی و هەروەها چوونە ساڵەوەی ڕێگر بووە". هەروەها نووسەر شاهۆ سەعید سەید قادر، لەم بارەیەوە دەڵێت: خۆشم ئەوەم لە کاك شێخ لەتیفی خەیاتەوە بیستووە کە پیاوێکی ناسراو و نیشتمانپەروەر و بە تەمەنی شار بووە، دەیوت: شێخ مەحمود باری تەندروستی و تەمەنی ڕێگرێکی تر بوون لە بەردەمیدا بۆ هەڵگیرسانەوەی شۆڕش، بەڵام تەمەنا و نزای سەرکەوتنی بۆ بارزانی کردووە، دەڵێن: لەو کاتانەدا ڕۆژێك شێخ مەحمود داوای کردووە ئەسپەکەی بۆ زین بکەن و بۆی بێنن و تاوی بدات، بەڵام نەیتوانیوە وەك جاران بەگوڕ بێت، دەفەرموێت: تەواو پیربووم و تەمەن ڕێگەم نادات ئەمجارە شۆڕش بەڕپا بکەمەوە.

بۆ دەربازبوونی بارزانی لە سلێمانی کۆمەڵێك قسەوباس هەیە، بەڵام ڕاستترینیان ئەوەیە ڕۆژێك بارزانی دەچێت بۆلای شێخ لەتیفی شێخ مەحمود و دەڵێت: حکوومەت نیازیان هەیە بمکوژن، شێخ لەتیف دەڵێت: با دەربازت بکەم"، بارزانیش دەڵێت: زۆر مەمنونم، پاشان شێخ لەتیف کارئاسانی بۆ دەکات و نامە دەنیرێت بۆ حاجی بابۆشێخ لە "تورجان" لە ناوچەی بۆکان کە ئەگەر بارزانی گەشتە لاتان ڕەوانەی شەمزینانی بکەن. بۆ شەوەکەی ڕێککەوتی 11ی حوزەیرانی ساڵی 1943 بارزانی لە گەرەکی سابوونکەرانەوە لە شار دەرچووە، لە هاوڕێکانی خۆی تەنیا "مستەفا عەبدوڵڵا و سلێمان سوور"ی لەگەڵ بوو لەگەڵ "10" کەسی ئەندامانی کۆمەڵەی برایەتی و پیاوەکانی شێخ لەتیفی شێخ مەحمود.

هەر لەم رووەوە عەبدوڵڵا زەنگەنە، دەنووسێت:

بارزانی لە ساڵی 1943دا، لە سەردەمی دەستبەسەری، بەر لەوەی لە سلێمانی دەربازی ببێت چەند جاران مۆڵەتی لە لێپرسراوانی شار وەرگرتووە و چۆتە قەراغ شار، گوایە ئەو چوونە دەرەوەی بۆ دەوروپشتی سلێمانی بۆ راوکردن بووە، بەتایبەتی راوە کەو، بەڵام بەم دواییانە دەرکەوتووە ئەم کارەی بۆ مەبەستی بەسەرکردنەوەی ڕێگاوبانەکان بووە.

ئەوە بوو لە کاتی دانانی پلانی دەربازبوونی لە شار، بڕیاری دا نەچێتە لای دەڤەری رانیە و پشدەر بەڵکو بەلای شارباژێڕدا بڕوات، پاساویشی ئەوە بووە ئەوسا لای رانیە و پشدەر ((خەیمە)) مۆڵگەی سوپای لێ بووە، هەروەها وا دیارە ویستوویەتی بەناو عەشایەردا نەچێ و خۆی لە شەڕ و گێچەڵیان دوور بخاتەوە.

هەر لە بارەی ڕۆژی دەربازبوونەکەی و ڕای جیاوازی نووسەران، زەنگەنە دەنووسێت:

ڕۆژی دەرباز بوونی بارزانی لە دەستبەسەری لە سلێمانی، لە 1943دا، دەبێ بە ڕۆژێکی گرینگ و پڕ بایەخ لە میژووی کوردددا تۆمار بکرێت، چونکە جگە لەوەی لەم ڕۆژەدا بووە کە بارزانی بەرەو ئاسۆی ئازادی کورد چووە، دواتر بە ماوەیەکی زۆر کەم بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەکەشی گۆڕانێکی پڕ بایەخی تێکەوت. بەڵام بەداخەوە تاوەکو ئێستا لێکۆڵینەوەیەکی ورد بۆ دیاریکردنی ئەم ڕۆژە نەکراوە، بۆیە سەرچاوەکان، هەندێکیان ئاماژەیان بۆ 11ی حوزەیران کردووە، هی دیکەش هەیە 12ی تەموزی تۆمار کردووە، هەمیشە ئەم ڕۆژەی دوایی بە ڕۆژی گەیشتنی بارزانی بۆ شۆینی مەبەست، کە بارزانە، داناوە.

لەوانە مێژوونووس عەبدولڕەزاق ئەلحەسەنی لە کتێبی (التاریخ الوزارت العراقیە)دا هەرچەندە بە پاڵپشتی یاداشتی دەست لە کار کێشانەوەی نووری سەعید مانگی تەموزی تۆمارکردووە، بەڵام دیسان لەم بارەیەوە تۆمارێکی بێ سەروبەری بۆ بەجێ هێشتووین.

لە شەستەکانیشدا، حەسەن مستەفا کە کاتی خۆی بەشداری لە سەرکوتکردنی بزووتنەوەکانی بارزاندا کردووە، کاتێ کتێبێک بە ناونیشانی (البارزانیون) بڵاوەکاتەوە.

ئەویش شەوی 12/13ی بۆ ئەم ڕۆژە تۆمار کردووە، وا دیارە دواتر نووسەرانی دیکە هاتوون، بەبێ لێکۆڵینەوە، ئەم ڕۆژەیان تۆمار کردۆتەوە و یەک لە دوای یەک دووبارەی دەکەنەوە. هەرچی ئەو ڕۆژەی 11ی حوزەیرانە. زەنگەنە دەڵێت: ئەوە من بە لای کەمەوە (5) سەرچاوەم لەبەر دەستدا هەیە، ئامارەیان بۆی کردووە و ئەم ڕۆژەیان تۆمار کردووە، تەنانەت یەکێکیان یاوەرێکی مەلا مستەفا بارزانی خۆی بووە کە بەم دواییە چاوپێکەتنی لەگەڵ کراوە و دەڵێت: من لە حوزەیرانی 1943دا بەندیواریم لەگەڵ شۆڕشی بارزاندا کردووە. ئەوە جگە لەوەی مەلا مستەفای بارزانی کە لە سۆڤیەتی جاران گەڕاوەتەوە، گۆڤارێک بە ناوی (العراق) چاوپێکەوتنی لەگەڵ کردووە، ئەویش بە ئاشکرا وتوویەتی: ((شەوی یازدەی حوزەیرانی 1943 بوو کە لەگەڵ تاریکی و بێ دەنگی شەودا لە بەندیخانەی خەمناک دەرپەڕین و کەوتینە ناو شاخەکان و کشوماتییەکی دڵبڕ دایگرتین، کە بەسەر ورە بەردانداد دەڕۆیشتین، کە هێشتا دەستی شارستانی نەیگەیشتبووین، لە ترپەی گوێان لەولاوە چیترمان گوێ لێنەدەبوو، بە ناچاری ئەوەندە بەسەر کێواندا سەرکەوتین و بۆ ناو دۆڵ و شیوان گلۆر بووینەوە، زۆر ماندوو و شەکەت بووین)).

جگە لەمە، حوسێن حوزنی موکریانی، کە ئەوسا شایەتحاڵی ڕووداوەکان بووە، نووسینەکانی وا نیشان دەدات کە بارزانی لە مانگی حوزەیراندا سلێمانی جێ هێشتبێت.

ئەی چی بە (هەژار موکریانی) دەڵێن، کە لە پاشبەندی وەرگێڕانی ((شەرەفنامە))دا زۆر بە ناشکرا ئامارەی بۆ (11ی ژوون)، واتە 11ی حوزەیران، کردووە.

وەک زەنگەنە ئامارەی پێدەکات: هەر کەسێک لە ناوەڕۆکی ئەم لێکۆڵینەوەیە ورد بێتەوە هەست دەکات ئەو سەفەرەی دەرباز بوونی مەلا مستەفا لە سلێمانییەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی ئێران، دواتر بۆ دەڤەری بارزان، کارێکی گەورە بووە، تەنانەت هیچی ئەوتۆی لە ڕێرەوەکەی بۆ سۆڤیەت کەمتر نەبووە کە دواتر ناوبانگی پێی دەرکردووە، بەڵکو لە هەندێ لایەنەوە بوێرانەتریش بووە، چونکە مەلا مستەفا لە سەردەمی ڕێرەوەکەیدا بۆ سۆڤیەتی جاران بووە کەسایەتییەکی بەئەزموونی ناسراوی جیهانی. جگە لەوەی کە زیاتر لە (500) پێشمەرگە و جەنگاوەری گیانلەسەر دەست و لە خۆبردوو و باوەڕپێکراوی لەگەڵدا بووە. بەڵام لە ڕێرەوەکەی سلێمانییەوە بۆ شوێنی مەبەست، جگە لە دوو هاوڕێکەی، تەنیا چەند کەسێکی لەگەڵدا بووە کە لە پیاوانی شێخ لەتیفی شێخ مەحمود بوون.

زەنگەنە، لە درێژەی باسەکەیدا دەڵێت: لە دوو توێی لێکۆڵینەوەکەدا، جگە لە ناوی شێخ لەتیف، ناوی ئەو کەسانەش دێت کە دەستیان لە دەربازکردنیدا هەبووە: ((مەلا ئەسعەدی مەحوی، حەمە پیزە، نووری حەمە سوور، محەی ساڵە سوور، محێدین خدر چنارەیی، جەلال محەمەد برازای محێدین، شێخ حسین بەرەزەردی، زەینەدین حەمە مەرجان - ناسراوە بە مچە مەرگەیی، کوێخا مەحمودی سنجەلی)).

دواتر هەر لە دوو توێی بابەتەکەدا دەردەکەوێت ئافرەتێکیش بە ناوی (خەدیجە شێخ حسێن ئالەسیاوی) شانازی ئەوەی بەرکەوتووە کە لە دێی (شێخەڵارێن) نان و تووشووی ڕێگایان بۆ ئامادە بکات. وا دیارە لە ساڵانی دواتریشدا مەلا مستەفا زۆر شانازی بەم سەفەرەی خۆی و یارمەتیدانی هەر یەک لەم کەسانە کردووە. هەر زەنگەنە ئامارەی پێدەکا و دەڵێت: کە ئەو (حەمە پیزە)یەی لەسەرەوە ناوی هاتووە بە هیچ جۆرێ پەیوەندی بە خولەپیزەوە نییە، کە هەندێ نووسەر ئامارەیان بۆ کردووە، گوایە بۆ ئەو بووبێ مەلا مستەفای دەرباز کردبێت.

هەر لە بارەی خوێندنەوە دەگێڕنەوە، لە سلێمانیش چەندێک لای ((سەید عەبدوڵڵا)) ی خزمی شێخ مەحمود کە ئیمامی مزگەوتی گەورە بووە، دەرسی خوێندووە، زۆرجاریش لای مەلا عەبدوڵڵای چروستانی لە خانەقای مەولانا خالید، لە گەڕەکی دەرگەزێن، کتێبی ئایینی خوێندووە. هەندێک جاری دیکەش بۆ خوێندن، یا پرسیار و باس و خواسی ئایینی دەچووە لای شێخ نووری شێخ بابە عەلی، لە مزگەوتەکەی بابە عەلی لە گەڕەکی سەرچیمەن، ئەمە جگە لەوەی کە هیچ دەم، لە دیدەنی کردنی شێخ لەتیفی دانساز، چ لە ماڵەوە بێت یان لە مزگەوت، یان لای مەلا ئەسعەدی مەحوی لە خانەقای مەحوی، پێی نەدەبڕی.. هەروەها لە سەردانیکردنی ڕەفیق حیلمی و ئەسکەندەری ئەجزاچی و.. هتد.

هەرلەم ڕووەوە د. جەمال نەبەز، لە کتێبی "بیرەوەرییەنامەی ئەو ڕۆژانەی جارەکی دیی ناگەڕێنەوە" دەنووسێت:

لە قوتابخانەی سەرەتایدا بووم کە باسی شۆڕشی بارزان دەکرا. خەڵکەکە دەیانگوت:"بازانییەکان لە دژی حکوومەت هەستاون". پاش ماوەیەک دەنگ بڕا، بەڵام شتێک سەرنجی منی ڕاکێشا. کە لە کۆڵانەکەی بەرماڵی خۆمان دەوەستام، یان یاریم دەکرد، لە کۆڵانە تەسکەکەی لای ماڵی ئێمەوە کە یەکسەر دەچوو بۆ قاوەخانەی سەرچیمەن، چەند کەسێک، هەموو ڕۆژێک بەوێدا دەهاتنە خوارەوە و، بە بەرماڵی ئێمەدا تێدەپەڕین، جلەکانیان لە جلی کوردی خەڵکی سلێمانی نەدەچوو. کە گوێم لە قسەکانیان دەگرت، قسەکانیان لە قسەی خەڵکی سلێمانی نەدەچوو. ڕۆژێکیان لە یەکێکیانم پرسی: مامەکە ئێوە خەڵکی کوێن؟ پیاوەکە پێکەنی و گوتی: کوڕم خەڵکی ئەم وڵاتەین". ئا لەو کاتەدا کەریمە فەندیی دراوسێیان لە ماڵ هاتە دەرەوە و، گوێی لەو قسانە بوو، هاتە لامەوە و بە ئەسپایی گوتی: ئەوە مەلا مستەفای بارزانی بوو. خۆیی و چەند کەسێکی لێرە دەستبەسەرن". لەو کاتەدا بەدواوە، هەرجارێک ئەو پیاوە (مەلا مستەفا)، یان ئەوانی دیی، بە کۆڵانەکەدا تێپەڕینایە، دەم بەبزە سڵاویان دەکرد و دەڕۆیشتن. جارێکیان هەر ئەو پیاوە (مەلا مستەفا)م دیی، فەردەیەک گەنمی دابوو بە کۆڵیدا، دەیبرد بۆ ئاش بیهارێ، یەک، یان دوو لە کەسەکانی، لە تەنیشتییەوە دەڕۆیشتن بەڕێوە. ئەمەم بە چاوی خۆم دیوە. کە بۆ باوکم گێڕایەوە گوتی: ئەوانە بارزانین، حکوومەت شەڕ دەفرۆشێ پێیان، دەربەدەری کردوون و هێندێکیانی لە سلێمانی دەستبەسەر کردوون". کە لێم پرسی: بۆچی دەربەدەری کردوون؟ باوکم گوتی: داوای هێندەک شتیان کردووە بۆ کورد، لەوانە کە کورد بتوانن بە زمانی خۆیان بخوێنن و بنووسن، نەک بە زمانی عەرەبیی.. ماوەیەکی پێچوو ئەو بارزانییانە دیار نەمان. ڕۆژێکیان کە لەبەر دەرکی ماڵەکەمان وەستابووم، شێخ نووری شێخ سالح دراوسێیان دەگەڕایەوە ماڵەوە، گوتم: مامە شێخ نووری ئەوە ماڵە بارزانییەکە گواستوویانەتەوە؟ پێکەنی و گوتی: نا گەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان و، حکوومەت پۆلیسێکی زۆری ناردۆتە سەریان و، ئەوانیش گەلێک پۆلیسیان کوشتووە و، ئێستە شەڕێکی گەرمە لەوێ.


شێخ ئەحمەدی بارزان و هاوەڵەکانی لە شاری سلێمانی مانەوە، بەڵام حکوومەت لە 18 ی ئابی ساڵی 1943 بە ماڵ و خێزانەوە بۆ شاری "حلە"ی گواستنەوە. (مسعود البارزانی- ثورە بارزان).

هەروەک ئەوەی "زنار سلوپی" لە " فی سبیل کردستان" دەڵێت:

(ئەو بارودۆخە ڕۆشنبیریی و سیاسی و نیشتمانییەی سلێمانی بەگوڕ و بەتین بوون، هەر زوو مەلا مستەفا بارزانی ئاوێتەی بوو، پاڵنەرێک بوو بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ڕێکخراو و فراوانتر درێژە بە خەباتی سیاسی و نەتەوەیی خۆی بدات تا ئەو ڕادەیەی لە سەرکردەی هۆز و شێخی ناوچەیەکەوە بوو بەسەرکردەی گەلێکی چەوساوە و ماف خوراو)

زاهیر ئەحمەد سەوز- نووسەر، لەم ڕووەوە بۆمان دوا و گوتی:

لە ساڵانی سییەکانی سەدەی ڕابردوو ڕێککەوتنە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکان دژ بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی و نیشتمانی کورد بوو، شۆڕشەکانی بارزان و بارزانییەکان پێشەنگی ئەم بزاڤە بوون ئەو سەردەمە بێجگە لە ئاغا و شێخ و بازرگانەکان هەموان لە شەوەزەنگی تاریکی و هەژاری و نەداری دا ژیانیان دەگوزەران نە ڕێکخراوێکی سیاسی، نە حزب و لایەنێکی ئاشکرا یان نهێنی بێجگە لە حزبی شیوعی و حزبی هیوا لە سلێمانی بوونی نەبوو، ئەگەر هەشبووبێ زۆر نهێنی و سست و بێ مەبەست لە ژیان و گوزەرانی بارزانییەکان بوون. شاری میواندار چینی ڕەش و ڕووت هیچی لە دەست نەدەهات چونکە پارو لە قورگی شێردا بوو، بۆیە نەیان دەتوانی ئاوڕێکی مادەی لە منداڵ و ژن و پیاوە بێتاوانەکانی ناوچەی بارزان و شێخ ئەحمەدی بارزانی و مەلا مستەفا بدەنەوە کە لەلایەن حکوومەتی پادشایەتی ئەو سەردەمە بە زۆرەملێ لە شاردا دەستبەسەر کرابوون، لەو کاتەدا ژان و ئازاری بارزانییان گەیشتە پەڕەی دڵی مەلا مستەفا، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئاریشەیان بۆ دروست دەکرا، مەلا مستەفا و بنەماڵەکان گیرۆدەی ژیانێکی قورسی پڕ ئازار و مەینەت ببوونەوە، خەمی میللەتی کورد لە لایەک و خەم و برسێتی و نەداری بارزانییانی ئاوارە و دەستبەسەر لە شار لەلایەکی دیکە. ئەو ڕۆژگارە دەغیلە زۆرینە بەتاڵ بوو، پێشتریش لە 15/3/1932 حکوومەتی پادشایی عێراق هێرشی کردبووە سەر ناوچەی بارزان و بارزانییان دوور خرانەوە بۆ شاری مووسل، پاشان بۆ شاری ناسریە لە خواروی عێراق ئەوجا بۆ بەغدا و دواجار بۆ ئاغجەلەر و ساڵی 1936 بەزۆرەملێ هێنرانە شاری سلێمانی و چەندین خێزان لەناویاندا شێخ ئەحمەدی بارزانی و مەلا مستەفای بارزانی و چەند کەسێکی دیکەی دیار.




لە چەند خانوویەک لە گەڕەکی (سەرچیمەن و حەوشی گەورە) لە کانێسکان دابەش بوون. بنەماڵەکە دەوڵەمەند و پارەدارەکانیش بۆ ئەوەی حکوومەت و داموەدزگەی دەوڵەت دڵی لێیان نەڕەنجێ بە ئەرکی سەرشانی خۆیان لە ڕووی مادەییەوە نەبوونە پشت و پەنا. بەڵام لە ڕووی مەعنەوییەوە حەپسەخانی نەقیب و شێخ لەتیفی شێخ مەحمود دڕێخیان نەکرد. مەلا مستەفا لەسەرێ بوو تاوەکو هەلی بۆ برەخسێ و خۆی بگەیەنێتە ناوچەی بارزان، ساڵی 1943 کلاوزێری (حەمایل) خانی هاوسەری مەلا مستەفا لە ڕێگەی ئەسکەندەری ئەجزاچی (صیدیلی) کە مەسیحی بوو، لە سلێمانی دەفڕۆشێت و بە بەهاکەی سێ تفەنگی (برنەو) دەکڕێت بۆ دەرباز بوون لە دیلی. لە هەنگاوی یەکەمدا نشوستیان هێنا و سلێمانی پەیوەندی دامەزرێنێت. سەرلەنوێ پەیوەندی بە ئەندامانی هۆزی بارزانەوە کردەوە و بڕیاریدا بگەڕێتەوە بۆ بارزان. پێوەندی ئەو لەگەڵ حەمەی ئەوڕەحمان ئاغاوە گەڕایەوە بۆ ئەو ساڵە. پێوەندییەکی گەرم لە نێوانیاندا دروست بوو، کاتێک مەلا مستەفا بەنهێنی سلێمانی بەجێهێشتوو گەڕایەوە بۆ ناوچەی بارزان، حکوومەتی عێراق حەمەی ئەوڕەحمان ئاغا و چەند کەسێکی تری بەتاوانی هاوکاریی کردن لەگەڵ ڕاکردنی مەلا مستەفا دەستگیرکرد.

هەروەها گەوهەری لە درێژەی باسەکەیدا دەنووسێت:

بارزانی بە یارمەتی ئەندامانی کۆمەڵەی هیوا و کوردانی نیشتمانپەروەری سلێمانی توانی سلێمانی بەجێبهێڵێت لەگەڵ دوو کەسی نزیکی خۆی (مستەفا عەبدوڵڵا ئاکرەیی و سلێمان سوور)، خۆی بگەیەنێتە سنووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لەم بارەیەوە بارزانی خۆی دەڵێت:" کاتی ماڵئاوایی کردن لە شێخ ئەحمەد، داوام لێکرد کە هەندێک ئامۆژگاری پێویستم بکا، فەرمووی: کاتی هەڵسووکەوت لەگەڵ خەڵک، ئاگاداری حەق و ڕاستی بە. هەرگیز لەخۆبایی بوون نەچێتە دڵتەوە، هەتا دڵنیا نەبییت لە سەرکەوتن و، هەتا بۆت دەکرێ خۆت لە لێکدان لەگەڵ حکوومەت بپارێزە و ئەگەر کەوتیە بەردەستیان دانوستاندنیان لەگەڵدا مەکە). بارزانی بە بەرگی مەلایەتیەوە گەیشتە ناوچەی شنۆ، پاشان بارزانی بە بەرگی مەلایەتیەوە گەیشتە ناوچەی شنۆ، پاشان بارزانی و، هەڤاڵانی کە لەوێ بوون، لە شنۆوە بەڕێگەی کێلەشین دا خۆیان گەیاندە میرگەسوور و لەوێوە چوونەوە بۆ بارزان. بەگەڕانەوەی بارزانی بۆ ناوچەکە جەژن و شادی هەموو ناوچەکەی داگرت. لاوەکان پۆل پۆل گەیشتنە لای و بە دوو هەفتە ژمارەیان گەیشتە (750) کەس کە هەندێکیان چەکیان هەبوو و ئەوانی تریش بێ چەک بوون. ڕاکردنی بارزانی لە سلێمانی و گەڕانەوەی بۆ بارزان لە ڕۆژنامەکانی جیهاندا دەنگی دایەوە و، هەر کامەیان بەجۆرێ لە ئازایەتی بارزانی دوان. دوو ڕۆژنامەی " نیویۆرک تایمز و هێرالد تریبوون" مستەفا بارزانییان بە جەنگاوەر و پاڵەوان ناساند.



شەڕی کتێب لە کۆشکی سپیدا



غازی حەسەن

کتێبەکەی (جۆن بۆڵتن)، سەرەتای شەڕێکی گەورەی پێش ڕەشەبای هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمەریکایە، کتێبەکەی بەناوی ڕووداوەکانی نێو ژوورەکە (**The Room Where It Happene**)یە، ئاماژە بە ڕەفتار و سیاسەت و هەڵچوون و لاوازیی مەعریفەی (دۆنالد ترەمپ) و کورتبینی و بادانەوەکانی و شێوازی هەڵبژاردنی کابینەی حکوومەت و دابەشکردنی دەسەلاتەکان دەکات، (بۆلتن) پێی وایە (ترەمپ) لەسەر بنەمای گوێڕایەڵی ستافی بەرێوەبردنەکەی بۆ خودی خۆی، خەڵک و کەسەکانی هەڵبژاردووە، نەک پسپۆڕیی و شارەزایی و توانای کەسەکان و ئینتما بۆ بەرژەوەندی گشتی ئەمەریکا. کۆشکی سپی داوای لە دادگا کرد ڕێگە نەدەن ئەم کتێبە بڵاوبکرێتەوە، بە تۆمەتی بڵاوکردنەوەی شتی نارِاست و ئاشکراکردنی نهێنی ئاسایشی نیشتیمانی، دادگاش بەپێچەوانەوە بڕیاری بڵاوکردنەوەی کتێبەکەی بە (بۆلتن) بەخشی و کتێبەکە لە کۆتاییدا بە سەدان هەزار دانە بڵاوبۆوە.



کۆتایی 2

ئەمڕۆ لە میژوودا



سالی **1920**:
شۆڕشی بیست لە عیراق بەرپا بوو .



سالی **1960**:
کۆنگۆ کینشاسا سەربەخۆیی خۆی لە بەلجیکا ڕاگەیاند.



سالی **1989**:
لە سوودان بەرەی ئیسلامی نەتەوەخواز لە دژی سیستمی دیموکراسی هەڵگەڕایەوە.



سالی **2004**:
ئەمەریکا سەدام حوسێنی دکتاتۆر و **11**بەندکراوی دیکەی ڕادەستی دەسەلاتدارانی عیراق کرد.



سالی **2010**:
دوای سێ خولی هەڵبژاردن ، کریستیان ڤۆلف بوو بە سەرۆکی ئەڵمانیا.



سالی **2015**:
فرۆکەیەکی سەر بە هێزەکانی ئەندۆنیسیا ماوەیەکی کەم دوای فڕین لە فرۆکەخانەی سۆمەترە ، کەوتە خوارەوە و تێکشکا.

ئەم کتێبە نهێنی زۆری ژووری ئۆپەراسیۆنی ئامادەکردنی بڕیارەکانی (ترەمپ)ی لەخۆگرتووە، (ترەمپ) دەیەوێت بڕیاری دەرچوون لە سوریا و ئەفغانستان بدات، بەڵام نازانێت سەرکەوتووانە مامەڵە لەگەڵ دەرچەکان بکات و کێشەی هاڵکبانکی تورکی و پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئەمەریکا کێشەیەکی دیکە بوو ، لەلایەک بە (ئەردۆگان) دەڵێت "دۆستە چاکەکە"، کەچی دواتر دەڵێت سزایەک دەدرێیت نەتدیتبێت. دیارە ئەمەش پەیوەستکراوە بە کێشەی (ڕادەستکردنەوەی گولەن و هێزە کوردییەکان لە سوریا و سزاکانی هاڵکبانک و مەسەلەی ئازادکردنی قەشە ئەندرۆ برۆنسون).

(ترەمپ) لە نیگای هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی و بەدەستهێنانی متمانەی دەنگدەر ئەم کارانە دەکات، بەپێی زانیارییەکان ئەم قەشەیە سەر بە کەنسەیی ئەنجیلییە، ئەوانە لەنێو ئەمەریکا بەڕێژەی **26%**دەنگدەریان هەیە، ئەمە دەبێتە زامنێکی گرنگ بۆ بەرزکردنەی ڕێژەی دەنگەکانی (ترەمپ). لەهەمان کاتدا نهێنییەکی (ترەمپ)ی ئاشکراکردووە، کە ئارەزووی ئەوە دەکات ترەمپ بۆ جاری سێیەمیش خۆی هەڵبژێرێتەوە، ئەو کات دەبێت دەستووری ئەمەریکا بگۆڕدرێت. (ترەمپ) ئەو کاتەی لە کۆششی دیپلۆماسی لەپێناو ئازادکردنی قەشە (ئەندرۆ) بێ ئومێد دەبێت، پەنا وەبەر بیرۆکەی سزادانی ئابووریانەی تورکیا دەبات، لەم بارەیەوە سەرکەوتوو بوو، هەر بۆ مەبەستی هەڵبژاردن لە کۆشکی سپی پێشوازی لە قەشە ئازادکراوەکە کرد، ئەویش نوێژی بۆ گیانی (ترەمپ) کرد. (ئەردۆگان) بە گرنگی و حەساسیەتییەکی زۆرەوە پێداگری لەسەر داخستنی دۆسیەی هاڵکبانک لە دادگاکانی ئەمەریکا کردووە، ئەو لەپەراوێزی کۆبوونەوەی هیلسنکی بە (ترەمپ)ی گوتووە، ئەم مەسەلەیەی بۆ یەکلایی بکاتەوە، چونکە مەسەلەکە پەیوەندی بە خانەوادەکەیەوە هەیە، بەتایبەتی، کە (بەیرەقی) زاوای پەیوەندی بەم کێشەیەوە هەبوو، کە بڕیتی بوو لەپێشێلکردنی سزای دارایی ئەمەریکا دژی ئێران و دواتریش زاواکەی خۆی کردە وەزیری دارایی.

(ئەردۆگان) وای مەبەست بووە، چۆن ئەو لە ساڵی **2014**دا دۆزی گەندەڵی میلۆنەها دۆلاری لە ئاسانکاریی بازرگانی لەگەڵ ئێران داخست، دواتر بەناوی کودەتا ئەوانەی هەموو ڕاونا و سزای دان، کە لە دۆسیەکە ناویان هەبووە. واتە داوای کردووە، (ترەمپ)یش هەر بەتەنیا دۆسیەی هاڵکبانک لە ئەمەریکا دانەخات، بەڵکو ئەو کەسانەش سزا بدات، کە دژی (ئەردۆگان) هەڵوێست دەنوێن.

هێزی ئەم کتێبە لەوەدایە نهێنی نێو میتشک و دەروون و شێوازی بیرکردنەوەی کەسانێکی وەکو (ئەردۆگان و ترەمپ) و دەوروپشتەکانیان و دۆخی (بازرگانی و شێوازی بڕیاردان) ئاشکرا دەکات.

بەپێی زانیارییەکان لەپێناو لێدانی (گولەن) لە ڕێگەی کۆمپانیایەکی ڕاوێژکاری هاوبەشی ئەمەریکی و تورکی، لە هەڵبژاردنەکانی **2016**دا سەرمایەداری تورک (ئەکیم ئەلب تەکین) بڕی **500** هەزار دۆلاری وەکو پاڵپشتی هەڵبژاردن پێشکەشی کەمپینی (ترەمپ) کرد، بۆیەش (ترەمپ) هەمیشە دەڵێت: ئەردۆگان دۆستێکی چاکە.نووسەرێکی عەرەب بەناوی (مەمدوح ئەلمەینی) دەڵێت: کێشە ئەوەیە (بۆلتن) کەسێکی بەهێزی خاوەنی بیروباوەڕی خۆیەتی لەبارەی ڕۆژئاوا و ئەمریکا لە ناستی جیهاندا، (ترەمپ) لە کەسایەتی ئەو پیاوە نەگەیشتووە. (ترەمپ)یش دەڵێت: (بۆلتن) کەسێکی نەزان و گەمژەیە و کتێبەکەی پرە لە درۆ و دەیەوێت نهێنی ئاسایشی نیشتیمانی ئاشکرا بکات. نووسەرێکی دیکەی عەرەب پێی وایە ئەمە تەنیا ژاوەژاوێکی نێو کۆشکی سپییە و چی دیکە نییە، (بۆلتن) تووشی گرێکوێرەی ئێران بووە.

بە کورتی دەتوانین بڵێین کتێبەکەی (بۆلتن) و ڕەنگە دواتریش ئەوەی (ماریا) ئەوە ئاشکرا بکەن، کە (ترەمپ) لەبارەی زانیاریی جوگرافی کەسێکی نەزانە، (ترەمپ) لەپێناو خۆکاندیدکردنەوەی بۆ خولێکی دیکەی سەرۆکایەتی و بەدەستهێنانەوەی متمانەی خەڵک ئەو شتانە دەکات، نەک بوژاندنەوە و بەهێزکردنەوەی ئەمەریکا.بەواتای ئەوەی (بۆلتن)، کە یەکێکە لە شارەزایە جدیی و بەهێزەکان و خاوەنی بیروڕای چەسپیوی ڕاشکاوی خۆیەتی لەبارەی سیاسەتی نێودەوڵەتی و گرفتەکانی جیهان بەلێکدانەوەی تووندڕۆ بەشداری لە خۆسازکردن و بڕیاردان دەکات، پێی وایە نابێت سەرۆکی وڵات، لەپێناو بەرژەوەندی کەسی خۆی هەڵسوکەوت بکات، نابێت لە ڕوانگەی بەدەستهێنانەوەی دەنگی خەڵک بۆ مسۆگەرکردنی کورسی سەرۆکایەتی، بەم جۆرە ئەمەریکا تووشی قەیران بکرێت و دۆستەکانیشی تووشی بێ ئومێدی و شکان و پاشاگەردانی بکرێت. (بۆلتن) ڕاشکاونە دەڵێت دوای پشتکردنە کورد دەبێت (ترەمپ) پشت لە کامە دۆستی ئەمەریکا لە جیهان بکات؟ ئەو دەڵێت تورکەکان ئەو کاتە کوردیان خۆش دەوێت، مەگەر کوردەکە مردوو بێت.

شەڕی کتێب، هیچی لە شەڕی لەشکرەکان و شەڕی دەنگدەر و شەڕی دژ بە ڕەگەزپەرستی و ململانێی توندی نێودەوڵەتی نێوان وڵاتە زلهێزەکانی کەمتر نییە. کتێبێک دەتوانێت بە بەهێزترین شێوە دەسەلاتی بەهێزترین کۆشکی جیهان بهەژێنێت. پێش دەچێت ئەم کتێبانەی دەردەچن، جەنگێکی قورس بن دژی (ترەمپ) و چانسەکانی بەدەستهێنانەوەی متمانە و دەنگی خەڵکی لاواز بکەن. ئەگەر وابێت (پیرە پیاوە خەوتووەکە) دەبێتە براوەی سەرۆکی ئەمەریکا.



بۆ یەکەم جار ئیمارات ڕایگەیاند کە لەگەڵ ئیسرائیل دەستیان بە پرۆژەی هاوبەش کردووە



ئیمارات بڵاویکردەوە کە لە چوارچێوەی بەرەنگاربوونەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ (**Covid-19**) لەگەڵ ئیسرائیل دەستیان کردووە بە پرۆژەی هاوبەش.لە ڕاگەیەندراوێکدا کە لە لایەن ئاژانسی هەوالی فەرمی ئیماراتWAMەوە بڵاوکراوەتەوە، هاتووە؛ ''دوو کۆمپانیای کەرتی تایبەت کە ناوەندەکەیان لە ئیماراتە لەگەڵ دوو کۆمپانیای ئیسرائیلی، لە بواری پزیشکی و بەرەنگاربوونەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێدا دەستیان بە چەند پرۆژەیەک کردووە.''لە ڕاگەیەندراوەکەدا باس لەوە کراوە کە ئەم هاوبەشییە لە بواری پزیشکییدا لە چوارچێوەی کارە لەپێشینە مرۆییەکان کراوە بۆ پاراستنی خەڵکی ناوچەکە لە پەتاکە و ڕزگارکردنیان لێی، ئامانجیشی وەلانانی کێشە سیاسییە مێژووەکانی ناوچەکەیە، لەبەرئەوە پێویستە بەرژەوەندییە مرۆییەکان بپارێزرێن و بەیەکەوە کار بکرێت دژ بەو پەتایە کە هەموو جیهانی گرتووەتەوە.

سەرەڕای ئەو ڕوونکردنەوە فەرمیە لە لایەن ئیماراتەوە، پەیوەندییەکانی دیپلۆماسی لەنێوان ئەبو زەبی و تەل ئەبیب بوونی نییە.دوێنێ سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، بنیامین ناتانیاهو، ئاشکرایکرد کە لە بەرەنگاربوونەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێدا هاریکاری لەگەڵ ئیمارادا دەکات کە وڵاتەکەی هیچ پەیوەندییەکی دیپلۆماسی لەگەڵیدا نییە. ناتانیاهۆ ڕایگەیاندبوو: ''ئەم هاریکارییە لە بوارەکانی تۆێژینەوە، پەرەپێشبردن و تەکنەلۆجیادا دەکرێت کە ئاسایشی تەندروستی هەموو ناوچەکە زیاد دەکات.''

لە چوارچێوەی هاریکاری لە بەرەنگاربوونەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ، دوێنێ ئیمارات **100**هەزار کیتی پشکنینی ڤایرۆسەکەی ڕەوانەی ئیسرائیل کردبوو.


یەکەم کێڵگە بە ڕۆبۆت کۆنترۆڵ کراو لە کوێ دەبێت؟



کۆمپانیایەکی ژاپۆنی رایدەگەیەنێت کە بەنیازە یەکەم کێڵگە لە جیهاندا بکاتەوە کە سەرجەم کردارە کشتوکاڵییەکان وەک ئاودان و رنینی بەرهەم بە هۆی ڕۆبۆتەوە بەڕێوە دەچێت.
کۆمەڵەی (سپرید) کە بارەگاکەی لە شاری کیۆتۆی ژاپۆنی ئاشکرایکرد کە لەم زووانەدا ئەم کێڵگەیە دەکرێتەوە کە لەسەر ڕووبەری **4400** مەتر دووجا دامەزراوە و لە ساڵی **2017**وە ئیشی لەسەر دەکرێت و چاوەڕێ دەکرێت لە ڕۆژێکدا **30**هەزار کاهوو (خاس) بەرهەم بێنێت بەو ئومێدەی لە پێنج ساڵی داهاتوودا بەرهەمی ئەم کێڵگەیە بگاتە نیو ملیۆن کاهوو.
(کۆجی موریسادا) بەرپرس لەو کۆمپانیایە دەڵێت: کرێکارەکان کرداری بڕژاندنی تۆوەکان ئەنجام دەدەن، بەڵام کردارە کشتوکاڵییەکانی دیکە تەنانەت رنینی بەرهەمیش بە ڕۆبۆت دەسپێردرێت.
بەکارهێنانی ڕۆبۆت ئەگەری هەیە کرێی دەستی کار بۆ نیوە کەم بکاتەوە، لە هەمانکاتدا تێچووی خەرجی سووتەمەنی یەک لەسەر سێ کەم دەکاتەوە.
بە پێی ڕاگەیاندراوێکی کۆمپانیاکە: ئەو کاهووەی بەرهەم دێت هەرگیز قڕکەری کیمیایی لە قۆناغە جیاکانی بەرهەمهێناندا بەکار ناهێنرێت و ڕێژەیەکی بەرزتری لە (بیتا کارۆتین) تێدایە.
بەکار هێنانی ڕۆبۆت لە وڵاتی ژاپۆندا ئێستا وەک دیاردەیەکی باوی لێهاتووە بۆ پڕکردنەوەی کێشەی دەستی کار کە چاوەڕوان دەکرێت ئەو کێشەیە گەورەتر بێت لە ساڵانی داهاتوودا بەهۆی بەرزبوونەوەی تەمەنی دانیشتوانی ئەم وڵاتە.

نوێکردنەوەی دارە بە تەمەنەکان

چەند هەنگاوێک هەیە بۆ نوێکردنەوەی دارە بە تەمەنکانی باخی میوە وەک:
یەکەم: رشاندنی کۆمەڵەی سەوزی دارەکان بە چەند ڕێکخەرێکی گەشەی دروستکراو (پیشەسازی) کە بەرهەمهێنانی هۆرمۆنی (ئەسیلین) کەم دەکاتەوە یان رایدەگرێت.
دووەم: هەڵپاچین (کازاختن)ی چڕ و دژوار بۆ دارەکە دەکرێت کە ئەو کردارە هاوکارە بۆ گەشەی لق و پۆپی نوێ.
سێیەم: لە کاتێدا ئەگەر هاڵپاچینی چڕ کاریگەری نەبوو بۆ نوێبوونەوەی دارەکان، ئەوە ڕاستەوخۆ پەنا بۆ هەڵکێشانی (هەڵقەناندنی) دارەکان دەبردرێن و بۆ ماوەی دوو ساڵ لە شوێنی دارەکان بەروبومی پاقڵەمەنی دەچێندرێت بۆ گەڕاندنەوەی بە پیتی خاکەکە ئینجە دووبارە داریی بەرهەمدا دەچێندرێت.





بۆ نابێت منداڵ گێڵاس بخوات؟

(ئۆلیگا دیکێر) ئەندامی کۆمەڵەی نیشتیمانی شارەزایانی خۆراک لە ڕوسیا، ئەو کەسانە ئاشکرا دەکات کە نابێت گێڵاس بخۆن. لە چاوێکەوتنێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (ئار گۆمینی ئی فاکتی) ئەو شارەزایەی بواری خۆراک دەڵێت: ئەو کەسانەی نەخۆشیی شەکرە و نەخۆشیی هەستەوەریان هەیە پێویستە لە خواردنی گێڵاس خۆیان دوور بخەنەوە، هەروەها لە دێژەی قسەکانیدا ئاشکرایکرد نابێت ڕێگا بە منداڵان بدرێت گێڵاس بخۆن، چونکە خواردنی گێڵاس لە لایان منداڵانەوە بە تایبەتی ئەوانەی تەمەنیان بچووکە دەبێتە هۆی دەرکەوتنی پەڵەی سوور لەسەر پێستیان بەهۆی پێنەگەیشتنی فرمانی ئەنزیمی لە پەنکریاسی ئەو تەمەنانەدا. هۆشداریش دەدات لە زێدە خواردنی گێڵاس چونکە دەبێتە هۆی دروستبوونی غازات بۆ منداڵ. ئەو شارەزایەی بواری خۆراک ڕوونیدەکاتەوە کە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ئامۆژگاری خواردنی **400-800**گرام سەوزە و میوە لە ڕۆژێکدا دەکات بە گێڵاسەوە، ئەوەش بەو واتایە دێت کە دەبێت میوەی گێڵاس کەمبکرێتەوە، لە هەمانکاتدا دەبێت ئاگاداری ئەو خۆراکانە بین کە ڕێژەیەکی بەرزی کاربۆهێدراتیان تێدایە، دەڵێت دەبێ سیستەمی خۆراکی ڕیشاڵی میوە و ڕیشاڵی سەوزە جیاوازەکانی تێدابێت، بەڵام پێویستە لەسەر ئەوانەی نەخۆشیی شەکرەیان هەیە ئاگاداری ڕێژەی کاربۆهێدراتی سیستەمی خۆراکییان بن. ئاماژەشی بەوە کرد کە **100**گرام لە گێڵاس نزیکەی **50**کالۆری وزەی تێدایە. بۆ ئەوەی خواردنی گێڵاس نەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی کێش پێویستە پڕۆتین و ڕیشاڵی خۆراکی لەگەڵدا بخورێت.



ئایا کۆرۆنا لە ڕێگای خۆراک دەگوازرێتەوە؟



زانایەکی نەخۆشییە درمییەکانی چینی دەڵێ: بەڵگە نییە تاکو ئێستا سەبارەت بە گواستنەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ بەهۆی خواردنی خۆراکی پیسبوو بەو ڤایرۆسەوە تەنانەت خۆراکە دەریاییەکانیش. دوای بڵاوبوونەوەی مەترسیی خواردنی خۆراکە تازەکان لە لایان چینییەکانەوە، تۆێژەرێک لە ناوەندی چینی بۆ کۆنترۆڵکردنی نەخۆشییەکان بە ناوی (ڤینج لۆجاو) لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند: لێکۆڵینەوەکان دەریدەخەن ڤایرۆسی کۆرۆنا بە شێوەیەکی خێرا لە ڕێگای هەناسە و بەرکەوتنی ڕاستەوخۆ دەگوازرێتەوە، هەروەها لە ڕێگای مانەوە بۆ ماوەیەکی درێژ لە شوێنێک یان ژینگەیەکدا کە پیسبێت بەو ڤایرۆسە، بە گوێرەی دەزگای هەواڵی (شینخۆی) چینی.
لەگەڵ ئەوەی دەرفەتی گواستنەوەی ئەو ڤایرۆسە لە ڕێگای کۆئەندامی هەرس لاوازە، بەڵام (ڤینج) ئاماژە بە گرنگی هۆشیاری و خۆپاراستن دەدات لەم بوارەدا وەک سەلامەتی خۆراکەکان و بە باشی شۆردن و هەڵگرتنیان.



خۆراکێکی ڕووەکی پەستانی خوێن دادەبەزێنێت



بەرین دەکات و لە ئەنجامدا هاوکار دەبێت لە جوواڵەی چالاکی خوێن و دابەزینی ئاستی پەستانی خوێن، کە بەهۆیەوە مەترسی جەڵتەی میشک و دڵ کەم دەبێتەوە. جگە لەوە (ئۆکسیدی نایترۆجین) پاڵ بە خوێن دەنێت بۆ ئەوەی بەردو میشک بڕوات، بۆیە بۆ بەدەستهێنانی خۆراکی بەسوود شارەزایانی بواری خۆراک ئامۆژگاری خواردنەوەی شەربەتی خەستی سلقە سوورە دەکەن.
شایانی ئاماژەیە سلقە سوورە (چەوەندەر) ماددەیەکی بە سوودە بۆ وەرزشوانان بە تایبەتی بۆ ئەوانەی ورزشی مەڵەوانی و ڕاکردن و خلیسکانێ دەکەن، هەروەها لێکۆڵینەوەکە دەریدەخات کە شەربەتی سلقە سوورە ئازارەکانی ماسولکە کەم دەکاتەوە و دووبارە ئامادەی دەکات بۆ وەرزش کردن دوای مەشقێکی چڕ و بەهێز.
ئەنجامی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی کە زاناکانی بواری خۆراک ئەنجامیان داوە ئاشکرایدەکات، خواردنی سلقە سوورە (چەوەندەر) بە شێوەیەکی ڕێک و بۆ ماوەیەکی دیاریکراو هاوکار دەبێت لە جێگیربوونی ئاستی پەستانی خوێن. مالپەڕی (Food News) نووسیویەتی، شارەزایان جەخت لەوە دەکەنەوە کە سلقە سوورە (نەتەرات)ی بەسوود لە پێکهاتەکەیدا هەیە، کە لە نێو خوێنبەرەکاندا دەگۆڕێت بۆ (ئۆکسیدی نایترۆجین) کە دەمار و لوولە خوێنبەرەکان

هۆکاری قڵێشانی دەنکی تری

قڵێشانی دەنکی تری پێش پێگەیشتنی بە کێشەیەکی فسیۆلۆژی دادەندرێت و دووجاری بەری دار مێو (تری) دێت، ئەوەش بەهۆی زۆری دەردانی شەکر و ناڕێکی ئاودان و تەرز و جۆری ترێیەکە کە بەرەکەی بەرگەی پەڵمانی دروست بوو بەهۆی پەستانی ئاوکی خانەکان ناگرێت. چارەسەری ئەو دیاردەیە بەهۆی ڕێکی ئاودانی ڕەزەکە و پێدانی ئەو پەینانەی کە هەردوو تۆخمی پۆتاس و کالیسیۆم یان تێدا بۆ بەهێزکردنی دیواری خانەکان دەبێ، بەوەش سنووردێک بۆ ئەو دیاردەیە دادەنرێت.

خانمە شەترەنجزانێکی نابیستی چیلی لە دیمانەیەکی خەبات دا

ڤالیزگا: شەترەنج تاکە وەرزشە فیکە و دەنگەدەنگی تیا نییە ئەمەش بۆ منی نابیستە باشترین وەرزشە



دیمانە: هاوار مورتکەیی

ڤالیزگا رۆزاس لازکانۆ Valeska Rozas Lazcano خانمە شەترەنجزانێکی نابیستی وڵاتی (چیلی)یە، کەلەبەر کەمئەندامییەکەوە یاری شەترەنجی هەڵبژاردووە چونکە ئەم یارییە هیچ ئاماژەیەکی فیکە و گفتوگۆی وەک وەرزشەکانی دیکە تێدا نییە،



ئەم کچە لاوە لەم رۆژانە لەرێگای ئۆنلاینەوە بەشداری پاڵەوانێتییەکی خوار 20ساڵانی کرد کە یەکێتی شەترەنجی نێودەوڵەتی FIDE رێکخستبوو توانی پلەی دووەم بەدەست بهێنیت، لاپەڕەی وەرزشی رۆژنامەی خەبات بەپیویستی زانی ئەم دیانەیەی لەگەڵ ئەنجام بدات.

ڤالیزگا کە لە ساڵی 2003لە لیمای پایتەختی چیلی لەدایک بووە دەڵێت: بۆیە شەترەنجم هەڵبژارد کە بەردەوام بم لەگەڵیدا چونکە من کەمئەندامم و بەتەواوی ناتواتنم ببیستم. ئێ هەموو وەرزشەکان لەرێگای فیکەوە ئەنجام دەدرێت و شەترەنجیش تاکە وەرزشە فیکەو دەنگی تیا بەکارناهێنرێت بۆیە هەڵبژاردو لەگەڵی بەردەوام بووم، هەروەها دەڵێت: شەترەنج ئەو وەرزشەیە یاری دوای یاری زیاتر پەرۆشت بۆ دەکات کە خۆت لەگەڵیدا ماندووبکەی و راهێنانی زیاتر بکەی، منیش لەپاڵ خوێندنەکەم خۆم داوەتە سەر ئەو وەرزشە ئەگەرچی هیچ لە ئەندامانی خێزانم ئەو یارییە ناکەن بۆیە پشتم بەخۆمەوە بەستووە.

بەدەستهێنانی پلەی دووەم

ئەو کچەلاوە شەترەنجەی چیلی زیاتر دەڵێت: سەرەتا لە لیما بەشداری پاڵەوانێتییەکانم کرد و دواتر بەپێی توانا بەشداری پاڵەوانێتییەکانی دەرەوەم لەسەر ئاستی ئەمریکای باشوور بەشداری کرد، ئێستاش لەبەر بلاوبوونەوەی ئەم پەتایە تەنها پاڵەوانێتی ئۆنلاین دەکرێتەوە، بەر لەچەند رۆژێکیش بەشداری پاڵەوانێتییەکی یەکێتی شەترەنجی نێودەوڵەتیم کرد بۆ خوار 20ساڵ و توانیم پلەی دووەم بەدەست بهینم کە ئەمەش بۆ من جێی شانازییە چونکە بەشداربوانی ئەم پاڵەوانێتییە لە ئاستیکی بەشداربوون، هیوادارم ئەم پەتایە بەزووترین کات و کەمترین قوربانی نەمێنێت بۆ ئەوەی ژیان وەک جاران بەردەوامیی هەبێت و بەشداری پاڵەوانێتییەکان بکەینەوە.

شەترەنج کەسایەتیت بەهێزدەکات

ڤالیزگا رۆزاس لازکانۆ لەبارەی خەون و خۆشەویستییەوە بۆ شەترەنج دەڵێت: شەترەنج یەک لەخەونەکانمی بەدیهێناوە ئەویش گەشتکردن بوو بۆ وڵاتانی جیهانی، هەروەها بەستنی پەیوەندی لەگەڵ هاوڕیی جۆراوجۆر بەتایبەتیش لەگەڵ ئەوانەی کە لەتۆ بەهیزترن، تاکە خەونی داهاتووشم کە بەردەوام هەوڵی بۆ دەدەم بەدەستهێنانی نازناوی گراند ماستەرە GM شەترەنج واخەریکە ببێتە سەرچاوەی ژیان، جگە لەمەش شەترەنج وەرزشێکە بەهۆیەوە دەتوانی توانەکانت پێشبخەی و کەسایەتیت بەهێزبکەی، ئێستاش خەست بەخۆم دەکەم کە ئاستم بەبەراورد لەگەڵ رابردوو بەرەو باشی چووە و ئەمەش بۆ راهێنانی بەردەوامم دەگەڕێتەوە.



خەونی داهاتووم بەدەستهێنانی بڕوانامەی گراندماستەرە

سمۆلینگ

دەگەڕێتەوە مان یونایتد

رۆژنامەی ماسینجیرۆی ئیتاڵی ئاشکرای کرد کە ئەگەرێکی زۆرە بەم زووانە کریس سمۆلینگی بەرگریکاری ئینگلیزی بگەڕێتەوە یانەی مانشستەر یونایتد.

رۆژنامەکە رایدەگەینیت کە یانە ئینگلیزییەکە رازی نەبووە کە ماوەخواستنەکەی ئەو یاریزانە لەگەڵ یانەی رۆمای ئیتاڵی درێژبکاتەوە، کە بڕیارە لە 30ی ئەم مانگەدا کۆتایی بە خواستنەکەی بێت، بەمەش سمۆلینگدوای ئەم مانگە ناتوانیت بەشداریی یارییەکانی رۆما باکت، کە پاولۆ فۆنیسکای راهێنەر لە هێڵی بەرگری زۆر پشتی پی دەبەستا.

بایرن لە وەرزێکی نموونەییدا بووە پاڵەوانی بۆندسلیگا



یانەی بایرن میونخی ئەڵمانی دوای وەرزێکی نموونەیی بەبێ رکابەر، توانی قەڵغانی بۆندسلیگا بەرزبکاتەوە و ببێتە پاڵەوانی یانەکانی ئەڵمانیا.

بایرن میونخ بۆ هەشتەمین جار لەسەر یەک بووە پاڵەوانی بۆندس لیگا و قەڵغانی پاڵەوانێتیەکەی بەرز کردەوە. بایرن بەبێ ئامادەبوونی هاندەرانی یانەکە ئاهەنگی سەرکەوتنیان گێڕا، کە بەهۆی کۆرۆناوە نەیانتوانی بەشداری لە ئاهەنگی سەرکەوتنی یانەکیان بکەن.

یانە ئەڵمانیەکە لە وەرزی نموونەییەکەیان بۆ یەکەمجار لەمێژوویاندا توانیان ١٠٠ گۆڵ تۆمار بکەن، کە لیگاندۆڤیسکی بەشداری لە تۆمارکردنی ٣٦ گۆڵی یانەکە کرد و بووە گۆڵکاری خولەکە. بایرن لە ٣٤ یاری خولەکە ٨٢ خاڵی کۆکردەوە و بە ١٣ خاڵ لە پێش دووەمی ریزبەندیەوە بوو.

تۆتی:
ئەوەی کاتژمێرەکەم بدۆزیتەوە پاداشتێکی بەنرخی دەکەم



ژمارە تەلەفۆنێکی بلاوکردۆتەوە لە پێدانی هەر زانیارییەک و ئەوەشی راگەیاندووە کە کاتژمێرەکە لە جۆری رۆلکسی بەناوبانگە.

فرانشیسکۆ تۆتی ئەستێری پێشووی ئیتالیا و ڕۆما لەریگای تۆڕە کۆمەلایەتییەکەوە داوای لە دۆزەر و هەواداراني کرد کە یارمەتی بدەن لە دۆزینەوە کاتژمێرەکەی دەستی کە ونی کردووە.

تۆتی لە ئینستاگرام نوسیویەتی و دەڵێ: هاوڕیيانم. کاتژمێرەکەم ون کردووە کە زۆر پەیوەست بووم پێیەوە، کە بەدرێژایی ژیانم لەدەستم بووە، داواتان لێدەکەم یارمەتم بدەن لە دۆزینەوەی، ئەوەی بیدۆزیتەوە پاداشتێکی بەنرخی دەکەم و تاماوم لەبیری ناکەم.

جیی باسە تۆتی

چێلسی
پلان دادەنێت بۆ بەدەستهێنانی ئەستێرەیەکی ویستهام

سولێ سلێمان

فرانک لامپارد راهێنەری یانەی چێلسی ئینگلیزی لە پلانیدایە لەم وەرزە نوێیەیدا بۆ بەهێزکردنی پێگەی یانەکەی، دێکلان رایزی بەرگریکاری یانەی وێستهام بباتە ریزی یانەکەی.

ڕۆژنامەی THE SUNی ئینگلیزی بڵاویکردۆتەوە کە یانەی چێلسی ئینگلیزی، گرێبەستێکی بۆ دێکلان رایزی ئەستێرەی یانەی وێستهام ئامادەکردووە بە بری 45 ملیۆن جنەی ئیستەرلینی تا بتوانێت بیگوازێتەوە ریزی یانەکەی، ڕۆژنامەکە ئاماژەی بەوەشداوە کە فرانک لامپاردی راهێنەری چێلسی هێنانی دێکلان رایسی تەمەن 21ساڵ لە ئێستادا بە چارەسەری کێشەکانی یانەکەی دادەنێت لە هێڵی بەرگریدا .



سیمیۆنی هەڕەشە لە یارییەکەی ئەمشەو دەکات

خەبات: سولێ سلێمان

دێیگۆ سیمیۆنی راهێنەری یانەی ئەتلەتیکۆ مەدریدی ئیسپانی دوای بردنەوەی لە یانەی ئالاڤێس لە گەری 32ی لالیگا، خەون بەیەکەم بردنەوە دەبینێت لە ناو یاریگای کامپ نو، پێگەی فەرمی تویتەری خۆیان بلاویکردۆتەوە کە ئەو راهێنەرە ئەرژەنتینیە یەکەم راهێنەرە لە میژووی یانەی ئەتلەتیکومەدریدی ئیسپانی کە زۆرترین بردنەوەی بۆ یانەکەی تۆمارکردووە، ئەمەش دوای ئەوەی چوار یاری لەسەر یەک لەگەڵ یانەکەی لە لالیگا سەرکەوتنی بەدەستدێنێت.



زێدان:
پێش ئەوەی رامۆس بڕوات، من ریاڵ جێدەهێڵم

لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا زێنەدین زێدانی راهێنەری ریاڵ مەدرید باس لە جێهێشتنی یانەکەی دەکات ئەگەر بێتوو سێرجیۆ رامۆس یانەکەی بەجێبێڵێت.

زێدان ئەوەی درکاند کە بۆ ماوەیەکی درێژ لە کاری ڕاهێنەرایەتیدا نامێنێتەوە. هاوکات پەسندی زۆری سێرجیۆ ڕامۆسی کاپتنی ریاڵ مەدرید کرد، ئەو گووتی: "ئەوەی ڕامۆس پێشکەشی دەکات مایەی سەرسوڕمانی من نییە، ئێمە بەختەوەرین کە ئەومان هەیە. دڵنیاییەکی زۆرم هەیە کە تا کۆتایی هەر لەگەڵ ڕیاڵ مەدرید دەمێنێتەوە، پێش ئەوەی ئەو لە ریاڵ بڕوات، من دەڕۆم.

لە کۆتایی قسەکانی لەبارەی بەردەوامی خۆی زێدان گووتی:"نازانم کەی لە کاری راهێنەرایەتی دەوەستم، بەڵام دڵنیام کە بۆ ماوەی 20ساڵ بەردەوام نابم. هێشتاش وا هەست دەکەم یاریزانم و یاری تۆپی پێ دەکەم."

چارەنووسی حەکیمی

خەبات: سولێ سلێمان

ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکانی ئیتالیا ئەوەیان ئاشکرا کردووە کە ئەستێرەی مەغریبی ئەشرەف حەکیمی یاریزانی یانەی بروسیا دۆرتمۆندی ئەڵمانی لەگەڵ یانەی ئینتەرمیلان ڕێکەوتوون کە بچێتە ریزی یانەکەیان بۆ وەرزی داهاتوو، ئەویش بەرامبەر 40 ملیۆن یۆرۆ، تۆڕیsky sport ئاماژەی بەوە داوە کە ئەشرەف حەکیمی بۆ وەزی 2021-2020 دەچێتە ریزی یانەی ئینتەرمیلان.

ئەشرەف حەکیمی لەگەڵ یانەی بروسیا دۆرتمۆندی ئەڵمانی چەندین نازناوی بەدەستهێناوە لەوانەش جامی سوپەری ئەڵمانی ساڵی 2019و وەک باشترین یاریزانی لاوی ئەفریقی هەڵبژێردراوە بۆ ساڵی 2018 لەگەڵ چەندین نازناوی تر.

خەبات XEBAT

لە هاڵ پارێزاو دەبین

Tue.30 Jun. 2020 No.:(5964)

KHABAT info@xebat.net www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla Editor-in-chief: Salam Abdulla

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا

سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
07702969696 07504459940

بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com


ناونیشان: هەولێر - شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە - میدیا سەنتەر
بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکەن بە: 07509069595 یان ئیمێڵی reklam@xebat.net بەشی ئاگادارییەکان: 07505881616

کۆڤان شێرۆانی: فرمێسکی دایکی شەهیدان و دڵسۆزی سەرۆک بارزانی بۆ کوردستان وام لێدەکات زیاترپەرە بە گۆرانی سیاسی بدەم

گۆرانییێژ کەم دەربکەوێت ،دەرکەوتنەکەشی بە شێوازێك بێت کاری جوانتر بکات لە رابردوو

خەبات: سۆلین سلێمان

کۆڤان ئاخر بیەی ناسراو بە (کۆڤان شێرۆانی) هونەرمەندی دەنگخۆش کە زۆربەی گۆرانییەکانی لە بواری سیاسین و لەم دیانەیەدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات دەڵێت:



لە ساڵی 2013 دەستم بەکاری هونەری کردووەو هەروەها خاوەنی 5 کلیپ و نزیکەی 45 تراکی تاك تاکم هەیە و سەبارەت بە سەرەتای دەستپێکردنی کاری هونەری خۆیەوە دەڵێت : کاتی منداڵیم لە قوتابخانە و لە ناو دۆست و خزمانم و کەس و هاوڕێکانم جارجار گۆرانیم دەگوت ئەوانیش هانیان دەدام بۆ ئەوەی زیاتر بەرەو پێشەوە بڕۆم.

گوتیشی: یەکەم ڤیدیۆ کلیپم لە ساڵی 2013 بڵاوکردەوە ، بە ناوی «ئەشقا کوردستان»

هونەرمەند دەربارەی ئاستی گۆرانییەکانی ئێستا دەڵێت:

لەگەڵ ڕێزمدا بۆ هونەرمەندانی ئێستا ،کاری باشیان کردووە بەڵام هیوادارم کاتێك گۆرانی فۆلکلۆر دەڵێنەوە وتەکان دەستکاری نەکرێ وەك خۆی بگوترێتەوە .

لە پرسیاری ئەوەی کە ئایا کێیە زیاتر پشتگیری لێدەکات؟

دەڵێت: زۆرن ئەوانەی کە پشتگیریم دەکەن بۆ بەردەوام بوونم لە کاری هونەری بە تایبەتی هێزی پێشمەرگە و کە هەموو کاتێك خۆم بە قەرزاریان دەزانم کەوا گیانی خۆیان بەخت دەکەن بۆ کوردستان و ئاشکراشی کرد کەوا لە ئێستادا سەرقاڵی ئامادەکردنی بەرهەمێکی نوێیە، و گوتیشی کەوا هیچ ئەلبومێکی نییەو هەروەها ئامانجی بەوەش دا کەوا پێویستە هونەرمەندانی کورد دەست لە ناو دەست فۆلکلۆرو هونەری کوردی بپارێزن و هەروەها کێشەی هونەرمەندان لە ئێستادا نەبوون و کەمی سپۆنسەرەکانە.

ئاوبراو بێجگە لە گۆرانی گوتن تێکست و ئاوازیش دەنووسێت لەو بارەیەوە دەڵێت: بێگومان زۆربەی گۆرانییەکانم هی خۆمن بە تێکست و ئاوازەوە و هەروەها یارمەتی زۆرلە گۆرانییژانیش دەدەم.

لە پرسیارێکدا کە ئایا بۆچی گۆرانییەکانی زیاتر لە بواری سیاسین ؟

لە وەڵامدا گوتی: فرمێسکی دایکی شەهیدان و دڵسۆزی جەنابی سەرۆك بارزانی بۆ کوردستان وام لێدەکات زیاترپەرە بە گۆرانی سیاسی بدەم و زیاتر خزمەت بە ڕێبازی پیرۆزی بارزانی بکەم.

هەروەها سەبارەت بەوەی کە بە دەنگی چ هونەرمەندێك سەرسامە گوتی: زۆرن ئەوانەی پێیان سەرسامم بۆ نموونە هونەرمەندی مەزن مامۆستا عەبدولقەهار زاخۆیی، دەربارەی ئەوەی کە بۆچی دەرکەوتنەکانی کەمن دەڵێت: زۆر حەزدەکەم گۆرانییێژ کەم دەرکەوێت بەڵام بە شێوازێك کاری جوانتر بکات .

لە کۆتاییدا دەڵێت: دەستی دایکی شەهیدان ماچ دەکەم و هیوای سەرکەوتنی زیاتر بۆ پێشمەرگە قارەمانەکان ئاواتی گەورەم بەدەوڵەتبوونی کوردە لە سەر دەستی جەنابی سەرۆك.



ساڵێ نەجارِ بەشداری لە گەورەترین پێشانگای شێوەکاری جیهانی دەکات

خەبات: سەربەست برزۆ

ساڵێ نەجارِ هونەرمەندی ناوداری کوردستان و خانەقین بەشداری دەکات لە گەورەترین پێشانگای جیهانی لە وڵاتی مالیزیا.


(پێشانگای نێودەوڵەتی بو هونەری هاوچەرخ) ناونیشانی پێشانگاکەیە، کە ئەکادیمیای نیشتمانی بۆ هونەر لە مالیزیا بە هاوکاری مۆزەخانەی نیشتیمانی مالیزیا بۆ (٥٠) هونەرمەندی جیهان کرویەتیەوە لە هۆڵی مۆزەخانەکە، لە پێشانگا جیهانییەکەدا جگە لە ساڵێ نەجار ، محەمەد فەتاح و سامان ئەبوبەکر لە کوردستان بەشداری پێشانگاکە . ساڵێ نەجارِ لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٨ خانەقین ، مامۆستایە و ئەندامی کۆمەڵەی شێوەکارانی ئێراقە و خاوەنی دەیان پێشانگای تایبەت و هاوبەشە لەناوخۆ و دەرەوەی وڵات و خاوەن سەدان خەڵات و مەدالیایە لە بواری هونەردا یەکەم پێشانگای تایبەتی لە ساڵی ١٩٨٠ لە کتێبخانەی گشتی خانەقین کردۆتەوە .

«کۆمپانیای فەیسبووك خزمەتگوزارییەکی نوێ بۆ مێسینجەر زیاد دەکات»

کۆمپانیای فەیسبووك لە خزمەتگوزارێکی نوێدا تایبەتمەندی فەیس ئایدی و پەنجەمۆر و وشەی نهێنی بۆ چوونە ژوورەوەی بەرنامەی مێسینجەر زیاد دەکات.ئەم تایبەتمەندیە بۆ ئەوەیە بەکارهێنەر لە ڕووی سکوێریتی بەکارهێنانەوە تەواو دڵنیایی هەبێت و نامەکانی بە نهێنی لای خۆی بمێننەوە.ئێستا ئەم تایبەتمەندیە لە کۆمەڵێك بەکارهێنەری دیاریکراوی مێسینجەر لەسەر سیستەمی ios زیادکراوە و لە تاقیکردنەوەیە ئەگەر هاتوو سەرکەوتوو بوو ئەوا لە ماوەیێکی نزیکدا لە ڕێگای وەشانی نوێوە بە شێوەیێکی فەرمی لە هەردوو سیستەمی ios و android زیاد دەکرێت.

هاوبەش ئەیوب: منداڵانی کورد هیچیان لەمنداڵانی جیهان کەمتر نییە بۆیە گۆرانیم بەعەرەبی بڵاوکردەوە

بەرهەم شێخ عزەدین- سلێمانی



بەهەرمەندی دەنگ و خۆش و تازە دەرکەوتو هاوبەش ئەیوب گۆرانییەك بەزمانی عەربی بڵاودەکاتەوەو هاوبەش تایبەت خەباتی گوت:، ئەم گۆرانییە بەناوی (لماانت) ،دەربارەی شیعرو ئاوەزەکەی گوتی: شعیری (محەمەد عەبدول وەهاب و ئاواز و میلودی مروان خوری) ە. کاك عومەرعەبدللە کاری موزیك بۆکردوە،لەوەڵامی پرسیاری بۆئەم گۆرانییەت بەعەربی گوتووتە؟ هاوبەش گوتی: منداڵانی ئێمەش هیچی لەمنداڵانی نەتەوەکانی تر کەم تر نیە،بۆیەپێم خۆش بوو منیش ئەوگۆرانیە بەعەرەبی بڵێم. جێی ئاماژەیە ئەمە(٥)هەمین بەرهەمی بەهەرمەند هاوبەش ئەیوبە.کاری کلیپی گۆرانییەکش وێنەگری بەتوانا (ناسح عەلی خەیات)ـە.

کتێبێکی نوێی هونەرمەند (وریا ئەحمەد) بەناوی (دەهۆڵ) بڵاوکرایەوە



لەم چەن ڕۆژەدا (ئەکادیمیای کوردی) لەهەولێر کتێبی (دەهۆڵ) ی هونەرمەند (وریا ئەحمەدی) بەچاپ گەیاندووە، کتێبەکە بەهیچ شێوەیەك باسی ئامێری دەهۆڵ ناکات، بەڵکو (١٠٠) دانە گۆرانی فۆلکلۆری و ڕەسەنی کوردی گرتۆتەخۆ، گۆرانییەکان لە کۆکردنەوەو شیکردنەوەو (نۆتە)ی موزیك و هۆنراوەکانیش بەهەردوو پیتی (لاتینی) و (عەرەبی) لەلایەن خودی هونەرمەندەوە ئەنجامدراون، ئەمەجگە لەدەستنیشانکردنی ناو و جۆری (ڕەزم)ی گۆرانییەکان و ڕادەی سەرکەوتن و دابەزینی گۆرانییەکان و جۆری مەقامەکان. شایانی باسە دیزاینەر (عوسمان پیرداوود) ئەرکی بەرگ و سەرپەرشتی هونەری کردووە. کتێبەکە لە (چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەدین - هەولێر) چاپکراوە.

کتێبەکە قەوارەی گەورەیە و (٢٥٢) لاپەڕەیە.

